# راپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١ـ١٣٣٢ (١٩٥٢ـ١٩٥٣) دا: پرۆژەی لێکۆڵینەوەیێك

**ئەمیر حەسەن پوور** *

زۆربەی گەلی کورد هەتا ئاخر و ئۆخری سەدەی بیست لە گوند دەژیا و بە کشت و کاڵ و ئاژەڵداری بەڕێ دەچوو. شار و تاجر و سنعەتکار و کرێکار و دووکاندار لە نێو دەریایێك گوند و نفووسی وەرزێر و ئاژەڵدار نوقم ببوو. کۆمەڵی کوردەواری، وەك گشت کۆمەڵی دی، پڕ بوو لە جیاوازی و ناکۆکی وەك ناتەبایی نێوان دەرەبەگ و وەرزێر، ژن و وپیاو، کرێکار و ساحیبکار، و تێکهەڵچوون و تێکهاڵانی شار و دێ، نیشتەجێی و کۆچەریی، ناکۆکی نێوان خێڵ و عەشیرەتان، شێخ و مەلایان، شەڕی نێو ئەمارەتەکان، و زۆر پێوەندیی پڕ لە دژایەتی دی. وێڕای ئەو ناکۆکییە ناوەکی یان خۆماڵییانە، دژایەتی نێوان گەلی کورد و ئەو دەوڵەتانەی حکوومەتیان بەسەر کوردستاندا کردووە، ناتەبایی لە گەڵ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیست وەك رووسیە، بریتانیا، فەرانسە، و ئەمریکا کە دەیانویست بە سەر وڵاتدا زاڵ بن، پێك هاتن و پێك هەڵپڕژانی گەلی کورد و گەلانی هاوسێ، و زۆر ناکۆکی دی بنیاتی مێژووی کوردستانیان داڕشتووە.

لە گەڵ ئەوەشدا لە بارودۆخی کوردستان دا، تەبایی و ناتەبایی، و ناکۆکی ناوخۆیی و دەرەکی پێوەندی ئاڵۆز و بەرینیان هەیە، چ لە سیاسەت چ لە بەرهەمهێنانی زانست و هونەردا، ناکۆکی ناوخۆیی لە بیردەکرێ و لە سای ناکۆکی دەرەکی دا دەشاردرێتەوە. بەڵام بێدەنگ بوون لە ناکۆکی ناوخۆیی هەڵە یان فەرامۆشکاری نییە و زۆرتر رێبازێکی سیاسی و ئیدەئۆلۆژییە. ناسیونالیسمی کورد (کوردایەتی) ئارەزووی یەکگرتوویی نەتەوەیی دەکا و وەدوای پێكهێنانی یەك دەنگی و یەك رەنگی و یەك پارچەیی نەتەوە و نیشتمان دەکەوێ، و بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتە و هاندانی "هاونیشتمانان" ناکۆکی دەرەکی و ناوخۆیی لێك جوێ دەکاتەوە، یەکیان بەرز و ئەوەی دی نەوی دەکا، و ئەوەندەی بکرێ بە بێدەنگی وەلای دەنێ.

لەو نووسراوەدا باسی بارودۆخی لێکێۆڵینەوە لە بابەتێکی وەپشت گوێخراو دەکەم — راپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١ـ١٣٣٢ (١٩٥٢ـ١٩٥٣) دا. بە کورتی، ئیمکانات، دەستکەوتەکان و کۆسپەکانی لێکۆڵینەوە لە مەڕ ئەو راپەڕینە وەبەرچاو دەخەم، و دەوری رێبازی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی لە گێڕانەوە و دانان و خوڵقاندنی مێژووی ئەو راپەڕینەدا پێشان دەدەم. ئەوەی لێرە نووسیومە خودی لێکۆڵینەوەکە نیە و گوزارشتێکە سەبارەت بەو پرۆژەیەـکە بە هیوام تا ساڵێکی دی لە چوار بەرگدا بڵاو بێتەوە.

**داڕشتنی باسەکە**

---

* **دیپارتمانی شارستانییەتەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، زانکۆی تۆرانتۆ، کانادا**
amir.hassanpour@utoronto.ca

لەو گشتە ناتەباییانەی لە کوردەواری دا هەبووە، ئەوەی لە زانستی کۆمەڵی و مێژوونووسیی و هونەردا کەمتر باسی کراوە، ناکۆکی چینایەتی بە تایبەت خەباتی وەرزێران لە دژی چینی دەسەڵاتداری دەرەبەگ (ئاغا؛ بەگ؛ خان؛ فئۆدال)، و خەباتی چینی کرێکار (کە پێکهاتەیێکی نوێیە) لە دژی چینی سەرمایەدار. کێشەکە هەر بێدەنگی کردن لە خەباتی چینایەتی نییە. کاتێکیش ئەو باسانە کراون کێشەوبەرە دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێست و روانگە و بۆچوون. لێکۆڵینەوە و وەدیهێنانی زانیاری سەبارەت بە خەباتی چینایەتی خۆی دەبێتە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی. باسی راپەڕینی ١٣٣١ لە سەرەتاوە تا مێژوونووسینی ئێستەی لە خەباتی چینایەتی دا نوقم بووە.

سێ بەرهەمی گرینگی پێش سەرهەڵدانی ناسیونالیسم – *شەرەفنامە* (١٥٩٦)، *مەم و زین* (١٦٩٥)، *عادات و رسوماتنامه اکرادیه* (١٨٥٨) – باسی کۆمەڵی دەرەبەگی و عەشیرەیی کوردستان دەکەن و زۆر ناکۆکی کۆمەڵیی تۆمار دەکەن و لێکی دەدەنەوە بەڵام بە ڕاشکاوی باسی دوو چینی چەوسێنەر و چەوساوە ناکەن. باسی ناکۆکی ژن و پیاویش هەر لەو بەرهەمەی ئاخری دا کراوە.

*شەرەفنامە*ی شەرەفخانی بدلیسی و *مەم و زین*ی خانی زۆرتر باسی ناکۆکی نێوان کورد و دەوڵەتە ناکوردییەکان دەکەن. *شەرەفنامە* مێژووی حکوومەتە کوردییەکانە و ناکۆکی نێوان ئەو حکوومەتانە و تەبایی و ناتەباییان لە گەڵ حکوومەتە ناکوردییەکان دەگێڕێتەوە. ئەو بەرهەمە گرینگەی مێژوونوسیی کوردی لە ئاست ناکۆکی ناوەکی وەك نێوان دەرەبەگ و وەرزێر، ژن و پیاو، نیشتەجێ و کۆچەری، کورد و گەلانی ناو کوردستان (هەرمەنی، ئاشووری، جوولەکە...) بێدەنگە. *شەرەفنامە* دەنگی ئەمیرەکان و ئەمارەتەکەیانە.

ئەحمەدی خانی سەدەیێك دوای *شەرەفنامە*، لە جەنگەی شەڕی نێوان گەلی کورد و دوو دەوڵەتی دەرەبەگیی عوسمانی و سەفەوی دا، گرینگ بوونی ناکۆکی دەرەکی وەبەرچاوخست بەڵام ئیشارەیێکی بە ناکۆکی خۆماڵیی نێوان "شاعیر و فەقیران" و ئەمیرە کوردەکان کرد. خانی لە *مەم و زین*دا پێی وابوو ناکۆکی دەرەکی (کورد و دەوڵەتانی سەفەوی و عوسمانی) چارەسەریی نایە لە بەر ئەوەی ئەمیرە کوردەکان نایانەوێ ناکۆکی نێوان خۆیان کۆتایی پێ بێنن: چینی دەسەڵاتداری کورد (چینی دەرەبەگ) ناتەبایی و رقەبەری نێوخۆی وەلانانێ و لە بەر "نیفاق" و "شقاق"ی خۆی، گەلی کورد "مەحکووم" و "مەحروومی" رۆم و عەجەم رادەگرێ.[i]

لە نێوەڕاست سەدەی نۆزدەدا، مەلا مەحموودی بایەزیدیی باسی ژیانی لادێیی زەمانی خۆی لە باکووری کوردستان گێراوە و جیاوازیی ژیانی کۆچەریی و نیشتەجێیی و ناکۆکییەکانی پێشان دا. هەروەها لە باسی ناکۆکی ژن و پیاو دا کوتی ژنی لادێیی وەك ژنی فەرەنگی لە هەڵستان و دانیشتن لە گەڵ پیاوان ئازادە بەڵام ئەگەر "کاری خراپ" ("شوولا خراپ") بکا دەست بەجێ دەیکوژن.[ii]

لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی – ئاخری سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیست – شوێنەواری وەرزێر و دەرەبەگ و خەباتی چینایەتی نێوانیان وەبەرچاوناکەوێ، چ لە بەرهەمی شیعریی حاجی قادری کۆیی و چ لە چاپەمەنی کوردی دا. ئەو بێدەنگییە لە بەر نەبوونی خەباتی چینایەتی نییە. تەنانەت لە نێوەڕاستی سەدەی بیستیشدا کە چەند راپەڕینی وەرزێریی لە باشوور و رۆژهەڵات پێک هات بۆ ماوەیێکی زۆر بێدەنگی لێکرا.[iii] یەکێك لەو خەباتانە راپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١–١٣٣٢ (١٩٥٢–١٩٥٣) دا بوو.

هێمن، شاعیر و ئەندامی پایەبەرزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لە بنەماڵەیێکی ئاغا و شێخ الاسلام لە گوندێکی دەوروبەری مەهاباد بوو، و راپەڕینی وەرزێرانی ١٣٣١ی لە سەرەتاوە تا سەرەنجامی بە چاوی خۆی دیت و بیست ساڵ دوای ئەو رووداوە، لە ١٣٥٣ دا نووسی:

> جووتیارەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٣١–١٩٥٢ دا لە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان راپەڕین و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستانی ئێران دا ناتەبایی چینایەتی گەیشتە رادەی تەقینەوە و چینی چەوساوەی وڵاتەکەمان بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی کوردستان دا توانی بە سەر چینی دەسەڵاتداردا زاڵ بێ.[iv]

دوایە، سەبارەت بە سەرکوتکرانی راپەڕینەکە گوتی:

> جارێکی تر بە چاوی خۆم تێشکانی رەسەنترین راپەڕینی گەلەکەم دی. ئەگەر گوتم رەسەنترین راپەڕین پێم وایە بە هەڵە نەچووم، چونکە ئەو ڕاپەرینە لە ناو زەحمەتکێش ترین چینەکانی خەڵکی کوردەواری و لە خۆوە هەڵقوڵی بوو.[v]


با بزانین ئەو راپەڕینە چ بوو.

## **ڕاپەڕینی ١٣٣١: زەمینەی کوردستانی و ئێرانی**

چەوسانەوە و زوڵم و زۆر هۆی سەرەکیی راپەڕین بوو بەڵام بارودۆخێکی وا رێك کەوت کە نارەزایی وەرزێران بتەقێتەوە و بۆ گۆڕینی باری نالەباری ژیانی خۆیان وەخۆکەون. زەوی، ئامرازی هەرە گرینگی کشت و کاڵ، موڵکی ئاغای بوو کە بۆ خۆی کاری نەدەکرد و کوتە زەوییێکی دەدا بە جووت بەندە هەتا بە کارکردنی خۆی و ئەندامانی ماڵباتی خۆی وە حاسڵاتی بخا. بەشی هەرە زۆری دەغڵ و دانێکی وەرزێران بەرهەمیان دەهێنا و بژیوی خەڵکی دێ و شاری پێك دەهێنا وەبەر ئاغای دەکەوت (بەقەرار و مەداری "دە ودوو"، "نیوەکاری"، "سێ یەکبەری" ...). وەرزێر دەبوو لەو بەشە کەمەی کە وەبەری دەکەوت بەشی مەلا، فەقێ، شێخ، و کوێخا ...ش بدا و بۆ خۆی بە برسێتی و هەژاری بژی. بەڵام لەوەش خراپ تر بێگاری و سووروسات یان خەرج و پیتاك بوو کە ئاغا بە سەر ورەزێران و خەڵکی لادێی دا دەسەپاند، بۆ وێنە ئاشانە، ئاغایانە، بارانە، بەرگنانە، بزنانە، بێگارانە، پشکەڵانە، پووشانە، تەپاڵانە، جێژنانە، جووتانە، چیلکانە، خوریانە، خەرمانانە، دارانە، دەوانە، دیوەخانانە، رۆنانە، رێواسانە، شاباشانە، کاورانە، گیسکانە، گایانە، گوریسانە، هێلکانە، کەرانە، گزیرانە، ماستانە، مەرانە، مریشکانە، مەلایانە، مجێورانە، ناحەقانە، قۆرغچیانە، و زۆری دی.

لە گەڵ ئەوەش دا جووت بەندە بەعزە ئامرازێکی بە نرخی بەرهەم هێنان وەک جووت و گای هەبوو و بۆ خۆی و ماڵباتی، گەورە و بچووک، شە و رۆژ کاریان دەکرد، بەرهەم هێنەرێک یان ئینسانێکی ئازاد نەبوو، و بەسترابۆوە بە ئاغا و بە زەوی، و نەیدەتوانی بە ئازادی گوند و زەوی بەجێ بێڵێ یان تەنانەت بە سەفەر بچێ، بەڵام ئاغا دەیتوانی وەدەری بنێ، لێی بدا، جەریمەی بکا، ئەتکی پێبکا، و تەنانەت بیکووژێ. جاری وابوو ئاغا ئەوەی لە ئورووپای دەوری دەرەبەگی "قانوونی شەوی هەوەڵ"یان پێ دەگوت بەجێیدەهێنا: ئەگەر کچە وەرزێرێك مێردی کردبا و دەرەبەگ ویستبای هەوەڵ شەو پێش ئەوەی بڕواتە ماڵە مێردی بە زۆری دەیان بردە لای دەرەبەگ.[vi]


ISSN 564-7075
www.derwaze.net



شکڵ ١. چەند لاپەڕە لە کێشەی وەرزێری لە چاپەمەنی کۆمەڵەی ژ.ك و کۆماری کوردستان دا



ISSN 564-7075
www.derwaze.net

ئەوە باری ژیانی وەرزێران لە تەواوی کوردستان و لە سەرانسەری ئێران بوو. لەو بارودۆخەدا، دوای تێکچوونی ڕێژیمی ڕەزاشای پەهلەوی لە ١٣٢٠ (١٩٤١) دا، نائارامی و سەربزێوی وەرزێران لە کوردستان و ئازەربایجان و مەڵبەندی دیکەی ئێران بە شێوەی خۆڕسکی و ڕێکنەخراو دەستی پێکرد. حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ١٣٢٥ (١٩٤٦) دا حەولی دا پێوەندی ئاغا و وەرزێر بگۆڕێ و بیخاتە سەر بنچینەیێکی عادڵانە. سووروسات و بێگاری قەدەغەکرا و چەند سەد گوند کە خاوەنەکانیان دەوڵەتی ناوەندی یان ئاغای سەر بە ڕێژیمی شا بوون بە سەر وەرزێراندا دابەش کران.[vii] کۆماری کوردستان بەرنامەی وای بەڕێوە نەبرد و وەرزێری کورد لە ژێر دەستی ئاغاوەتدا ماوە، و چەوساندنەوە و زوڵم بەردەوام بوو. ئاغاوەت لە دەسەڵاتی دەوڵەتی دا (کابینەی کۆمار، دەزگای ئیدارەیی و لەشکریی) بەشدار بوون، و تەنانەت ڕەخنە گرتن لە زوڵم و زۆری ئاغاوەت دوای ماوەیێک کپ کرا.[viii]

قەیرانی سیاسی ڕژیمی پەهلەوی کە لە ١٣٢٠ (١٩٤١) دا بە سەرنخوونی دەسەڵاتی ڕەزاشا دەستی پێکرد، دوای تێکچوونی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان هەتا کوودێتای ئەمریکایی ١٣٣٢ (١٩٥٣) درێژەی هەبوو. لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵە دا، چین و توێژی کۆمەڵیی جۆراوجۆر داخوازی جیاوازیان هێنا گۆڕێ، بەڵام زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەتنخوازەکان (حیزبی توودە، فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، حزب ایران، جبهە ملی...) هەرکام بە چەشنێك دژی "ئیرتیجاع" کە کانگاکەی رژیمی پاشایەتی بوو خەباتیان دەکرد، و سەربەخۆیی ئێرانیان لە دەسەڵاتی ئیمپریالیسمی ئەمریکا و ئینگلیس داوا دەکرد. شا، سەرباقی یارمەتی ئەمریکا، نەیدەتوانی وەك بابی بە سەر خەڵك و وڵاتدا زاڵ بێ و خەڵکیش پاشەکشەی نەدەکرد.

لە بارووەدۆخی قەیرانی سیاسی و ئابووری دوازدە ساڵەی ١٣٢٠–١٣٣٢ (١٩٤١–١٩٥٣) دا، دوکتور محەمەدی موسەدیق، بەڕێوەبەری بەرەی هێزە میللییەکانی ئێران (لە ڕێکخراوەی "جبهە ملی" دا)، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەهاری ١٣٣٠ (١٩٥١) هەتا نێوەڕاست هاوینی ١٣٣٢ (١٩٥٣)، بوو بە سەرۆك وەزیرانی ئێران. موسەدیق وەك بەڕێوەبەری بزووتنەوەی میللی کردنی نەوتی ئێران نێوبانگی هەیە؛ یەکێك لە هەنگاوە گرینگەکانیی کە زۆر کەم باسی دەکرێ بەرنامەی ڕیفۆرمی کورتەبەرانەی پێوەندی کشت و کاڵی بوو. ئەو ڕیفۆرمە بوو کە وەرزێرانی لە موکریان و لە سەرانسەری ئێرانێ هاندا لە دژی ئاغاوات وەخۆکەون.

لە پاییزی ١٣٣١ (١٩٥٢) دا، موسەدیق دوو لایحەی پەسند کرد: لە ١٤ میهر (٦ ئۆکتۆبری ١٩٥٢) "لایحە ازدیاد سهم کشاورزان و سازمان عمران کشاورزی" (لایحەی زیادکردنی بەشی وەرزێران و ڕێکخراوەی ئاوەدانیی کشت و کاڵ") ناسراو بە "قانوونی بیست دەرسەد" یان "قانوونی سەدی بیست".[ix] بە پێی ئەو لایحەیە، سەدی بیستی ئەو بەشەی کە وەرزێر لە حاسڵی خۆی دەیدا بە ئاغا دەبوو لە ئاغا کەم بکرێتەوە و نیوەی بدرێ بە وەرزێرەکە و نیوەکەی دی بدرێ بە "شوورای دێ" بۆ ئاوەدان کردنەوەی دێ. لایحەیەکەی دی، "لایحە قانونی الغاء عوارض در دهات" (٣٠ آذر ١٣٣١، ٢١ دیسامبر ١٩٥٢) سووروسات و بێگاری قەدەغە دەکرد. لە ئێران و کوردستان شوورای دێ لە ئارا دا نەبوو و لایحەی هەوڵ شێوەی پێکهێنانی ئەو شوورایەی گەڵالە کردبوو. بەڵام نە ئاغا نە لایەنگرانی شا لە حکوومەت دا نەیان دەهێشت شوورا پێکبێ بۆ ئەوەی ئەو لایحانە ئیجرا نەکرێن.[x]

بەڵام زۆر زوو، لە نێوەڕاستی پاییزێ، وەرزێران بۆ ئیجرای لایحەی سەدی بیست وەخۆ کەوتن و لە گوندەکانی بۆکان، میاندواو، مەهاباد، و لاجان دەستیان کرد بە کۆبوونەوە و ڕێکخستن و دانانی شوورا، و کۆتایی هێنان بە دانی خەرج و پیتاك و بێگاری کردن. ئاغاوەت، بە تەواو توانای خۆیان، دەستیان کرد بە بەربەرکانی کردنی لایحەکە.


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

لە بەعزە گوندێك وەرزێران لە لایحەی سەدی بیست تێپەڕین و ئاغاوەتیان وەدەرنا، و داوای دابەشکردنی زەوییەکانیان کرد. ئاغاوەت لە بۆکان و مەهاباد خەریکی ڕێککەوتن و ڕێکخستن لە دژی لایحەکە و وەرزێران بوون و فەرماندەی ئەرتەش لە مەهاباد، سەرهەنگ مظفری، چەکی دەدانێ و یارمەتی دەکردن.



شکڵ ۲. حەمەدەمینی ئەحمەدپوور ناسراو بە شەشە، ۱۳۰٤-۱۳۹٤، یەکێك لە تێکۆشەران و بەڕێوەبەرانی ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان

ڕاپەڕین تەواوی ناکۆکییە کۆمەڵییەکانی هەڵرشتە سەر گۆڕەپانی سیاسەت و مێژوو. تەقینەوەی ناکۆکی نێوان دوو چینی سەرەکیی ئاغا و وەرزێر، گشت چین و توێژەکان و گشت کەسی ناچار کرد کە لایەن بگرن. بۆ وێنە مەلا و فەقێ زۆربەیان لایەنی وەرزێرانیان گرت. سنعەتکار و کاسبکاری بۆکان، کە خۆیان لە پێش ڕاپەڕیندا، لە ئاغاوەتی مالیکی بۆکان وەرگەڕابوونەوە پشتیوانی وەرزێران بوون و یەکیان، حاجی قاسم، دەوری ڕابەریی ڕاپەڕینی دەگێڕا. وەرزێر، کە لە چەند توێژ پێکهاتبوو – جووت بەندە و ڕەشایی، دەوڵەمەند و فەقیر – لە دەریایێك گونددا پرژوبڵاو بوون و بەسترابوونەوە بە زەوی، و پێوەندی سیاسی و ڕێکخراوەییان نەبوو، بەڵام لە پرۆسەی وەرگەڕانەوە لە دژی ئاغاوەت وەك چینێکی کۆمەڵیی گووران، و بە داخوازیی وەدەرنانی ئاغا و دابەشکردنی زەوی هاتنە مەیدانی سیاسەت. هەم لە چینی دەرەبەگ و هەم لە چینی وەرزێردا قەڵەشت پەیدا بوو: زۆربەی دەرەبەگان لە دژی وەرزێران وەخۆکەوتن بەڵام چەند کەسێك لایەنی ڕاپەڕینیان گرت و ڕەگەڵ کەوتن، و دوای شکانی ڕاپەڕینەکەش چەند ئاغایێک پەنایان دا بە وەرزێرە دەرکراوەکان. زۆربەی وەرزێران لایەنگری ڕاپەڕین بوون و تەنانەت بەشێك لە دەستەوبەستەی ئاغا لە دژی ئاغاوەت هەڵگەڕانەوە. لە شار، مەهاباد و بۆکان، کە ببوو بە پێگەی ئاغاوەت بۆ ڕێککەوتن و دەستبەکارکردن لە دژی


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

ڕاپەڕین، ئیدارەی دەوڵەتی دووبەرەبەکییان تێکەوتبوو. زۆربەی خەڵکی شار لایەنگری ڕاپەڕینەکە بوون و کاربەدەستانی ئیدارەکان لە بارودۆخی دووبەرەکی نێوان حکوومەتی موسەدیق و شادا، لایەنی موسەدیق و وەرزێرەکانیان دەگرت.

وەرزێران توانیان دەسەڵاتی ئاغا لە بەعزە گوندێك هەڵوەژێرن، هێزی بەرگرییان ڕێكخست، و نیشانە و ڕەمزی تایبەتییان بۆ بارودۆخی شەڕ دانا. لە چەند گوند پێگەی بەربەرکانییان دامەزراند، و هەم چەکداردەبوون و هەم کولتووری خەباتیان بە مەتەڵ و دروشم و نمایش دەخولقاند.[xi] بەڵام لە بەر نەبوونی ڕابەرایەتی حیزبێکی شۆڕشگێر، ئەو خەباتە خۆرسکییانە نەیتوانی گوندە ڕزگارکراوەکان لە بەرەیێک دا ڕێک بخا، ناوچەی ڕزگارکراو پەرەپێبدا، دەسەڵاتی دەرەبەگ و دەوڵەت تێكبشکێنێ، و هەنگاوی گەورەتر بۆ ئازادکردنی ئازەربایجان و کوردستان و ئێران هەڵبگرێ. هێرشی ئاغاوەت و ئەرتەش زوو دەستیپێکرد و هێزی بێڕابەرایەتی وەرزێران بەرگەی نەگرت. ئەو ئەزموونە ئیستیسنایێکی مێژوویی نەبوو و لە مێژووی ڕاپەڕینی وەرزێریی و شەڕی وەرزێریی وڵاتی دی زۆر جار دووپاتە بۆتەوە.

## ڕاپەڕینی ١٣٣١: زەمینەی نێونەتەوەیی

لایحەی سەدی بیست و ڕاپەڕینی وەرزێران تەنیا کێشەیێکی خۆماڵی و ناوچەیی نەبوو و لە سەرەتاوە باری نێونەتەوەیی هەبوو. ئەمریکا پێی وابوو ئەو ڕاپەڕینە دەستی یەکێتی سۆڤێتی تێدایە و وەرزێری کوردستان و ئێران وەك وەرزێری چین و ویەتنام و کوریا دەچنە ژێر ئاڵای کۆمۆنیسم، و نیزامی پاشایەتی دەرووخێ و ئێران دەبێتە بەشێك لە بەرەی کۆمۆنیسم.

دنیای دوای شەڕی جیهانی دووەم تەواو گۆڕابوو. لە ١٣٢٨ (١٩٤٩) دا، چین، کە وڵاتێکی "نیوە دەرەبەگی" بوو، شۆڕشەکەی بە ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی چین سەرکەوت، و زۆربەی ئەرتەشی سوور لە وەرزێران پێک هاتبوو. لە ویەتنام، حیزبی کاری ویەتنام ئەرتەشی ئیمپریالیسمی ژاپۆنی تێكشکاند و لە ١٣٢٥ (١٩٤٦) دا باکووری وڵاتیان ڕزگار کرد و لە ١٣٣١–١٣٣٣ (١٩٥٢–١٩٥٤) دا خەریکی بەزاندنی ئەرتەشی داگیرکەری فەرانسە بوون و لە ١٩٥٤ دا لە شەڕی دین بین فوو دا تێکیان شکاند. لە کوریاش خەباتی دژی ڕژیمی دەرەبەگی سەربە ئەمریکا لە ١٣٢٩–١٣٣٢ (١٩٥٠–١٩٥٣) دا بە هێزی چەکدار کە زۆربەیان وەرزێر بوون بەڕێوە دەچوو. بە بۆچوونی ئەمریکا، ئاسیای ڕۆژئاواش خەریك بوو وەك ئاسیای ڕۆژهەڵاتی لێدەهات، ئەو ڕاپەڕینە بەشێك لە شەڕی نێوان کۆمۆنیسم و "دنیای ئازاد" بوو، و دەبوو هەرچۆنێکی بێ بەری لێ بگرێ.

ئەمریکا پێی وابوو دوای شەڕی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥)، ئینگلیس و فەرانسە چی دی توانای وەیان نەماوە لە نیزامی سەرمایەداری جیهانی بەرگری بکەن و پێش بە کۆمۆنیسم بگرن، و ئەرکی بەڕێوەبردن و بووژاندنەوەی نەزمی ئیمپریالیسم کەوتۆتە سەرشانی خۆی. یەکێك لەو ئەرکانە ڕێگە لێگرتن لە شۆڕش بوو لە جیهان، بە تایبەت لە ئێران و تورکییە و یوونان. بەڵام لەو ساڵانەدا هیچ حیزبێك لە ئێران بەرنامەی شۆڕشی نەبوو، نە حیزبی توودە – کە ئەمریکا بە حیزبی کۆمۆنیستی دادەنا – و نە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان و نە یەکێتی سۆڤێت کە حیزبی توودە وفیرقە ڕێبازەکەیان ڕەچاو دەکرد. ئەمریکا دەیزانی موسەدیق کۆمۆنیست نیە بەڵام پێی وابوو کە، بێ ئەوەی بیەوێ، ڕێگە خۆش دەکا بۆ ئەوەی ئێران وەبەر دەست کۆمۆنیسم (سۆڤێت) بکەوێ. بۆ وێنە

پێیوابوو کە "شووراى دێ" دەبێتە بنکەی چالاکی کۆمۆنیستان و گوندەکان و وەرزێران دەباتە ژێر ئاڵای  حیزبی توودە.[xii] جا بۆیە ئەمریکا لە شا و ئەرتەشی شاهەنشاهی و ئاغاوەت پشتیوانی دەکرد و دژی بەرەی هێزە میلییەکان، موسەدیق، حیزبی توودە و وەرزێران و کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی شارەکان بوو.


U.S. TO BROADCAST PROGRAM TO KURDS

Middle East Information Aides In Cairo Map Step to Offset Propaganda by Russia

NEW YORK TIMES, SUNDAY, JUNE 26, 1949.

Soviet Prods Albanians and Kurds In Moves to Gird Southern Flank

Kremlin Seeks to Counter Allied Defense Steps in Balkans and Middle East — More Arms Are Given to Hoxha

IRAN TO INSTRUCT PEASANTS BY RADIO

IRAN BATTLE HELD PREVENTIVE ACTION

Army's Effort to Disarm Kurd Tribe Stems From Fear of Korean-Type Aggression

THE NEW YORK TIMES

Peasant Unrest in Iran

K. MOKHAMMEDOV

MOSSADEGH FACES REVOLT BY KURDS

Many Injured in Clash Over Land Reform — Jones and Schacht See Premier Again

شکڵ ٣. چەند هەواڵی راپەڕینی وەرزێران لە رۆژنامەکان دا


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

## پێداچوونەوەی نووسراوەکان

سەرباقی گرینگی ئەو ڕاپەڕینە، حیزبەکان و مێژوونووسان کەمتر وەدوای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کەوتوون. لە چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح.د.ک)، کە خۆی بە ڕابەری ڕاپەڕینی وەرزێران داناوە، هەتا کونگرەی سێهەمی حیزب لە ١٣٥٢ (١٩٧٣) دا، یان باسی ئەو ڕووداوە نەکراوە یان شوێنی زۆر کەم وەبەرچاو دەکەوێ. لە "دووەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان" کە دوازدە ساڵ دوای ڕاپەرین، لە ١٣٤٣ (١٩٦٤) دا، دوای دەست پێکردنی "اصلاحاتی ارضی" ڕیژیمی شا بەسترا، باسی "کێشەی وەرزێران و زەوی" کرا بەڵام باسی ڕاپەڕین لە گۆڕێ دا نەبوو.[xiii] کۆنگرە لە سەر وەی ساغ بۆوە کە حیزب بۆ "چارەسەرکردنی پێوەندی زاڵمانە و نابەحەقی فئۆداڵ و وەرزێری کورد لە باتی شێوەی ئیسلاح خوازانەی کێشەی زەوی و وەرزێر دەبێ شێوەی شۆڕشگێرانە ڕەچاو بکا، کە بریتییە لە تێکڕووخاندنی ئەو پێوەندییە زاڵمانە لە قۆناغی تایبەتیی خەبات و هەڵسانەوەی چەکداریی نەتەوەیی دا".[xiv] بەڵام کۆنگرە دەستەوداوێنی عەشیرەگەریی و دەرەبەگێتی دەبێ و دەڵێ ح.د.ک. دەبێ "ئەزموون و خسڵەتە شۆڕشگێرانەکان و قیامی چەکداریی سمکۆ و قەدەم خێر و ئەو جۆرە قارەمانە میلییانە" ڕەچاو بکا.[xv] جا سەیر نییە کە کۆنگرە "بڕیاری دا کە ح.د.ک. بۆ عەشیرەتە نیشتمان پەرست و دژی ئیستیعمارەکان لە شەڕی چەکداری دا جێگەیێکی تایبەتی تەرخان بکا."[xvi] لێرەش دا، کوردایەتی و دەرەبەگێتی ڕێک کەوتوون. لە ڕۆژنامەی *کوردستان* کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٣ (فێوریەی ١٩٦٥) هەتا خەرمانانی ١٣٤٩ (سێپتامبری ١٩٧٠) بیست و شەش ژمارەی لە ئورووپا بڵاو بۆوە باسی ڕاپەڕین نەکراوە.[xvii]

بیست ساڵ دوای ڕاپەڕین، لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ کونگرەی سێهەم (١٣٥٢) دا، ئەوەندە نووسراوە:

> حیزبی ئێمە لە ساڵەکانی ٣٠–٣١ دا ئەرکی بەڕێوەبردنی خەباتی جووتیارانی نێوان مەهاباد و بۆکانی وەئەستۆی خۆی گرت، خەباتێك کە بەرەبەرە بوو بە ڕاپەڕینێکی گشتی زەحمەتکێشانی شار و دێ، بەڵام تیپی [ئەرتەشی] مەهاباد لەگەڵ دەرەبەگەکان، بە فەرمانی شا ئەم ڕاپەڕینەی بە تانك و تۆپ سەرکوتکرد. زۆر کەس لە ئەندامانی حیزب و زەحمەتکێشانی کوردستان کوژران و گیران و ڕاونران و دەربەدەر کران.[xviii]

هەرلەو ساڵەدا، ڕۆژنامەی *کوردستان* (ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی) لە نووسراوەیێك بە سەردێری "ڕاپەڕینی وەرزێران" زانیارییێکی زۆرتری خستەبەردەست: زوڵمی ئاغاوەت لە وەرزێران، لایحەی ٢٠% ی حکوومەتی میلی دوکتور موسەدیق، خەباتی وەرزێران بۆ بەجێگەیاندنی ئەو لایحە، مەڵبەندەکانی ڕاپەڕین، وەدەرنانی ئاغاوەت لە گوندەکان، سەرکوتکرانی ڕاپەڕین بە دەستی ئاغاوەت و بە پشتیوانی ئەرتەش، و هۆیەکانی سەرنەوکەتنی ڕاپەڕینەکە، و دەنووسێ:

> ڕاستە ئەوانەی لەو ڕاپەڕینەدا بەشداربوون، زۆربەیان ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەربە حیزب بوون، بەڵام بەڕاستی حیزبی ئێمە نەیتوانی بەو جۆرەی کە پێویستە ڕابەرایەتی ئەو ڕاپەڕینە بکا.[xix]


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

بەڵام حیزب روونی ناکاتەوە کە بۆ نەیتوانی رابەرایەتی ئەو راپەڕینە بکا. هەر لەو نووسراوەدا دەڵێ:

حکوومەتی میللی دوکتور مصدق بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان و زۆربوونی داهاتی وەرزێران قانوونێکی پەسند کرد کە بە قانوونی سەدی بیست ناسرا. بە گوێرەی ئەو قانوونە سەدی بیستی لە مڵکانەی خاوەن مڵکەکان کەم دەکردەوە، نیوێکی بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندی خەرج دەکرا و نیوەکەی دیکەشی دەدراوە بە جووتبەندە. ئەم قانوونە بوو بە هۆی هاندان و پاڵپێوەنانی وەرزێران بۆ ناو کۆڕی خەبات و لابردنی زوڵم و زۆری دەرەبەگەکان.

دیارە حیزب دەیزانێ حکوومەت بە قانوونێکی زۆر قرچ و کاڵ، کە تەنیا بێگاری و سووروساتی قەدەغە دەکرد و سەدی بیستی بەشی دەرەبەگی دەداوە بە جووتبەندە، بێ ئەوەی مەبەستی بووبێ، وەرزێرانی هان دا کە دەرەبەگان وەدەرنێن و ئەو زەوییەی کە دەیان کێڵا بیکەن بە زەوی خۆیان. بەڵام حیزب قەت دروشمی "زەوی بۆ ئەو کەسەی دەیکێڵێ"ی پەسند نەکرد، و وەرزێرانی هان دا لە باتی خەبات بۆ سەرنخوون کردنی نیزامی دەرەبەگی لەگەڵ دەرەبەگی "کوردپەروەر" وەدوای وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی بکەون. لە رێبازی سیاسی حیزب دا، کێشەکە وەلانانی زوڵم و زۆری ئاغاوەتی خراپە نەك لابردنی نیزامی کۆمەڵیی-ئابووری دەرەبەگی و هێنانە گۆڕ و دامەزراندنی نیزامێکی وا کە چەوساندنەوە و زوڵم بنەبڕ بکا. رێبازێکی وا – لە نێوبردنی نیزامی دەرەبەگی – بەبێ نەفی کردنی موڵکایەتی دەرەبەگی و پێوەندییەکانی سەرناگرێ، و ئەوەش بەبێ سیاسەتی "زەوی بۆ ئەو کەسەی دەیکێڵێ" پێك نایە. لە باری سیاسییەوە، نیزامی دەرەبەگی بەرهەڵستی سەرەکیی دیموکراسییە (بەستنەوەی وەرزێر بە زەوی، بێبەشکردنی لە گشت مافێك، دەسەڵاتی پاتریارکی بە سەر ژنان ...)، و بەبێ تێکدانی ئەو نیزامە گەلی کورد ئەگەر سەربەخۆش بێ – لە دەست حاکمیەتی بێگانە رزگار بێ – دەکەوێتە بەر حاکمیەتی راستەوخۆی دەرەبەگی خۆماڵی. حیزب پێوەندی کێشەی نەتەوەیی و کێشەی وەرزێریی وا تێگەیشتبوو کە کوردایەتی و دەرەبەگێتی تێکەڵاوییان هەبێ نەک لێک هەڵببڕێن. ئەزموونی کۆماری کوردستانیشی هەر بەو رێبازە لێك دەداوە و بێدەنگی دەکرد لەوەی کە لە کۆمار دا چینی دەرەبەگ دەسەڵاتی سیاسی هەبوو.

بێجگە لەو کورتە باسانەی حیزبی دیموکرات کە لە کونگرەی سێهەم بەولاوە بەبۆنەی ساڵوەگەڕی راپەڕین جاروبار نووسیوێتی، لە چەند بیرەوەری بەرێوەبەرانی حیزب دا زانیاری گشتی سەبارەت بەو خەباتە وەدەست دەکەوێ.[xx] لێرەدا دەرفەتی پێداچوونەوە و لێکدانەوەی ئەو سەرچاوانە نییە. ئەوەندە هەیە کە هەرکامیان برێك زانیاری لە نووسراوەی ژمارە ٢٣ی رۆژنامەی *کوردستان* زیاد دەکەن. کەریمی حسامی کە زۆرتر ئاگای لە لاجان و سندووس و نەغەدە بووە باسی خەبات لەو ناوچەی کردووە.[xxi] بەڵام لێکدانەوەی گشتیان وەك یەك دەچێ. گشتیان کێشەکە وەك زوڵم و زۆری ئاغاوەتی خراپ دادەنێن نەك وەکوو پێداویستیەکانی نیزامێکی کۆمەڵی-ئابووری کە بەبێ تێکدانی و بەبێ دامەزراندنی نیزامێکی پێشکەوتوو لە جێگای وی، رزگاری گەلی کورد وەدی نایە.

عەبدولڕەحمانی قاسملو لە کتێبی *کوردستان و کورد* کە لە ١٣٤٤ (١٩٦٥) دا بە زمانی چێکی و ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە بە کورتی باسی لایحەی ٢٠% ی کردوە و لە رستەیێك دا ئیشارە بە راپەڕینی وەرزێرانی بۆکان دەکا.[xxii] ئەو کتێبە لە چوارچێوەی رێبازی سیاسی و ئیدەئۆلوژی یەکێتی سۆڤێت و ئوروپای رۆژهەڵاتی دوای کوودێتای خرۆشچێف (١٩٥٦) نووسراوە، و پێوەندیی بزووتنەوەی وەرزێریی و بزووتنەوەی نەتەوەیی، و پێوەندی ئەوانە بە "گەشەی سۆسیالیستی" لە روانگەی تیۆری "رێگای گەشەی غەیری سەرمایەداری"، کە یەکێتی سۆڤێت بۆ وڵاتانی ئاسیا و


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی دارِشتبوو، لێك دەداتەوە.[xxiii] وەرگێردراوی ئەو کتێبە بە کوردی لە چوار پاراگراف دا باسی لایحەی ٢٠٪ و "راپەڕینێکی وەرزێری لە مەڵبەندی بۆکان" دەکا، بەڵام پێوەندی لایحەکە و راپەڕینەکە پێشان نادا، و تەنیا دەڵێ ئەو خەباتە "حکوومەتی ناچار کرد کە دەست بەجێ بۆ پارێزگاری دەرەبەگەکان دەستبەکاربێ". نووسەرپێی وایە کە "دەرەبەگەکان لە ناو کۆمەڵی کوردەواری دا بنکەی هەرەگرنگی هێزە ئیمپریالیستەکانن"[xxiv]، بەڵام دەڵێ:

> لە هەل و مەرجی ئێستای کوردستان دا بە تایبەتی لە کوردستانی ئێران و عێراق کە هێشتا پێوەندەی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری بەهێزە، ناتوانین دروشمی "زەوەی هی ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ" هەڵبگرین. چونکە بەشێکی زۆر لە خاوەن مڵکە ناونجییەکان و زۆربەی وردە مالیکەکان بە چەشنێکی کاریگەر، لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی دا بەشدارن ... وادیارە سیاسەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران سیاسەتێکی راستە،...[xxv]

وادیارە راپەڕینی وەرزێرانی ساڵی ١٣٣١ کە قاسملوو بۆ خۆی ئەو کات لە مەهاباد "بەچاوی خۆی" دیتبووی، وێرای شەپۆلی راپەڕینی وەرزێران لە سەراسەری ئێران دا، نەیتوانی نووسەر بەرەو ئەو بڕوایە بەرێ کە داخوازیی "زەوی بۆ ئەو کەسەی دەیکێڵێ" دەبوو لە بەرنامەی هەرحیزبێکی شۆڕشگێر، کۆمۆنیست یان غەیری کۆمۆنیست، بەشێکی گرینگ لە پرۆژەی شۆڕش بێ. بەڵام لە نووسەراوەکانی ح.د.ک. دا سەبارەت بەو راپەڕینە دەردەکەوێ کە ئەو رێکخراوەیە بڕوای بە شۆڕش نەبوو و پێی وانەبوو کە مەسەلەی نەتەوەیی، لە بارودۆخی ئێران و رۆژهەلاتی نێوەراست دا، بەشێك لە مەسەلەی وەرزێرییە و بەبێ خەباتی دژی فئودالیسم، رزگاری نەتەوەیی پێك نایە و بەبێ شۆڕش فئودالیسم بنەبڕ ناکرێ. جا سەیر نییە کە کاتێکی ئاغاکان رێككەوتبوون و چەکدار ببوون بۆ هێرشبردنە سەر راپەڕیوەکان، ح.د.ك. حەولی دا پێش بە چەکداربوونی وەرزێران بگرێ، هانیان بدا کە "توندوتیژی" نەکەن، و وەدوای عەریزە و تلگراف ناردن بۆ تاران بکەون.[xxvi] بەو چەشنە، پێوەندی بەتینی نێوان کوردایەتی و فئودالیسم لە سیاسەت و کردەوەی حیزب دا – لە سەرەتاوە تا ئێستە – تۆمارکراوە: بەشێك لە فئۆدالەکان کوردایەتی دەکەن و وەرزێر و دەرەبەگ دەبێ لە خەبات بۆ رزگاری نەتەوە یەك بگرن.

قاسملوو لە مێژووی حیزبی دیمۆکرات دا کە بەبۆنەی چلەمین ساڵی دامەزراندنی ئەو رێکخراوە نووسیوێتی باسێکی کورتی راپەڕینەکەی کردووە کە نە لە باری لێکدانەوە و نە لە بابەت زانیاریی جیاوازیێکی لەگەڵ نووسراوەکانی حیزب لە رۆژنامەی *کوردستان* دا نییە.[xxvii]

لە ٢٠٠٠ دا، ئەنوەر سوڵتانی، خەڵکی بۆکانێ کە لە کاتی راپەڕین دا تەمەنی دە ساڵ بوو، بە کەڵك وەرگرتن لە بیرەوەری خۆی و خەڵکی دی و بەعزە بەڵگەیێك، زانیاری تازە و لێکدانەوەی چەند کێشەیێکی وەبەردەستخست و دوایە بەڵگەیێکی هەرەگرینگی لە فارسییەوە کردە کوردی و بڵاوی کردەوە.[xxviii] ئەو بەڵگەیە وتاری قاسم ئاغای ئیلخانی زادەیە کە بەرێوەبەری بەرەی دەرەبەگان لە دژی راپەڕین بوو، و پێنج حەفتە دوای کوودێتای ٢٨ موردادی ١٣٣٢ (١٩ اوت ١٩٥٣) لە دیداری دەستەودەیارەی ئاغاوەت لە محەمەد رەزا شا خۆێندبوویەوە. قاسم ئاغا بە شای دەڵێ کە ئەو راپەڕینە پیلانێك بوو وەکوو کۆماری کوردستان و دەیانەویست کوردستان سەربەخۆ بکەن.[xxix] دیداری شا، سەرۆکی چینی دەرەبەگی ئێران، لەگەڵ دەستەیێك لە ئاغاوەت، ئەویش بەپەلە پێنج حەفتە دوای کوودێتا، گرینگ بوونی ئەو راپەڕینە بۆ رێژیمی پەهلەوی و ئەمریکا پێشان دەدا.


ISSN 564-7075
www.derwaze.net


هەر لەو ساڵە دا، عومەری عەسری کە لە کاتی راپەڕین دا کوڕە وەرزێرێکی تەمەن پازدە ساڵە بوو، پوختەی رووداوەکەی گێڕاوە و لە دەرەوەی وڵات بڵاوی کردەوە: هۆیەکانی راپەڕین، دەوری لایحەی ٢٠% و حکوومەتی موسەدیق، شێوەی خەبات و رێکخستن، بەرەی ئاغاوەت و ئەرتەش، دەوری فەقێ و مەلاکان، شەڕی ئاغاوەت و وەرزێران، سەرکوتکرانی راپەڕین، نێوی گوندە راپەڕیوەکان و تێکۆشەرە سەرکوت کراوەکانی، شێوەی سەرکوت کردن، نەبوونی رابەرایەتی حیزبیی، خۆڕێکخستنی وەرزێران و ئامادەبوونیان بۆ شەڕ، خوڵقاندنی کولتووری خەبات و زۆر باسی دی وەک:

> خەڵک ... هێزی بەرگرییان پێکهێنا. ئارمی تایبەتییان هەبوو (کە بریتی بوو لە دەسرەیەکی سپی کە لە ملیان دەهاڵاند). چەکی دەستیان داس و شەنە و تێڵا بوو. رەمز و نیشانەی شەڕ و پێکهەڵپڕژان، سەرکەوتن و چوونە پێش، یان پاشەکشە و شکستیان دانابوو. لە نێوان گوندەکانی ئاڵبلاغ (مەرکەزی ئاغاکان) هەتا گوندەکانی یەکشەوە، قاتانقوڕ و قوڕەبەراز تەرمەکەدرووو دانرابوون کە ئاگر تێبەردانی هەر یەک لەوانە حاڵەتێکی لە دەستپێکردنی شەڕ، شکست و پاشەکشە، یان سەرکەوتنی نیشان دەدا. لە گوندی تیکانتەپەی قوچخان، نمایشێکی زۆر سادە و ساکاریان سازکردبوو کە ئێواران لە ناو دێ نیشاندەدرا و خەڵکیان پێ هاندەدرا.[xxx]

حیزبی توودە لەگەڵ ئەوەش دا لە رۆژنامەکانی خۆی دا باسی بزووتنەوەی وەرزێرانی لە سەرانسەری ئێرانێ دەکرد و رۆژنامەیێکی تایبەتی وەرزێرانی هەبوو، *انتقاد برای دهقانان ایران*، لە دوو کتێب دا کە سەبارەت بە کێشەی وەرزێریی بڵاوی کردۆتەوە باسی راپەڕینی موکریان ناکا. حیزب دوای کودیتای ١٣٣٢، ددانی بەوەنا کە بەرنامەی شۆڕشی نەبووە و نەیتوانیوە بزووتنەوەی وەرزێران بە شێوەیێکی شۆڕشگێرانە بەڕێوەبەرێ.[xxxi] هەروەها، رەئووف عەلی ئۆغلوو سەیدۆف نووسەری تەنیا کتێب سەبارەت بە بزووتنەوەی وەرزێرانی ئێران لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٣ دا کە لە ١٩٦٣ لە باکۆ چاپ کراوە باسی ئەو راپەڕینە ناکا. زۆربەی نێوەرۆکی ئەو کتێبە لە چاپەمەنی حیزبی توودە و رۆژنامەکانی ئێرانێ وەرگیراوە.[xxxii]

عەلی گەلاوێژ، خەڵکی ناوچەی فەیزولابەگی، ناوەندی ڕاپەڕین، و یەکێک لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودە، لە کتێبی *پێوەندییەکانی زەویی لە کوردستان (هەڵوەشانەوەی نیزامی عەشیرەیی)* دا باسی پرۆسەی تێکچوونی نیزامی پاتریارکی-فئۆدالی و گەشەکردنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری لە نێوەڕاستەکانی سەدەی ١٩ را هەتا نێوەراستەکانی سەدەی بیست دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئەو راپەڕینە و راپەڕینەکانی دی پێوەندی راستەوخۆیان بەو پرۆسەیە هەیە باسی هیچ کامیان ناکا.[xxxiii] ڕاپەڕینی وەرزێران لە وڵاتی دیش دەورێکی هەرە گرینگی گێڕاوە لە سەرنخوون کردنی نیزامی دەرەبەگێتی.[xxxiv]

لە لێکۆڵینەوە و نووسراوەی ئاکادیمیك و لە چاپەمەنی وڵاتە رۆژاواییەکان سەبارەت بە کوردستان، بزووتنەوەی کرێکاران و وەرزێران جێگەیێکی نیە. سووزان مایسێلاس لە کتێبەکەی *کوردستان لە سای مێژوودا*، کە مێژوویێکی وێنەیی کوردستان لە دوو سەدەی رابردوویە، لە دوو لاپەڕە دا باسی راپەڕینەکەی کردووە و لە وتووێژێك لە گەڵ محمد موکری و لە زمانی وی دەگێڕێتەوە کە مەبەستی حکوومەتی د. موسەدیق لە پەسندکردنی لایحەی ٢٠% ئەوە بوو کە نەهێڵی وەرزێران بۆ لای کۆمۆنیستان برۆن و لەگەڵیان رێک بکەون:



شكڵ ٤. لاپەڕەی هەوەڵی گوزاریشێك سەبارەت بە هێرشی ئاغاوەت بۆ سەر بۆكان لە ٢٢ ئیسفەندی ١٣٣١ (١٣ مارسی ١٩٥٣) دا لە ئارشیوی محەمەدی موكری، پارێزراو لە بنكەی ژین، سلێمانی.


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

ئێمە دەستمان کرد بە وەی کە تەواوی ئەو "ماڵیاتە غەیری قانوونییەی (سووروسات) کە ئاغاوەت لە وەرزێری وەردەگرت لابەرین. نەمان دەویست کۆمۆنیستان وەرزیران بۆ لای خۆیان راکێشن. موسەدیق قانوونێکی پەسند کرد کە تەواوی ماڵیاتەکانی لابرد...[xxxv]


محمد موکری لە حکوومەتی موسەدیق دا "رئیس اداره تعلیمات عشایر" لە تارانێ بوو و لە کاتی راپەڕین دا سەری بۆکانی دەدا بۆ ئەوەی وەرزێران بۆ لایەنگریی لەو حکوومەتە هان بدا. ئەو خەڵکی کرماشانێ بوو، و لە ١٣٣١ دا هەوڵ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە سووروسات لە کوردستانی ئێران بەڕێوەبرد، و گۆڤاری کوردی-فارسی *بغستانی* وەک بڵاوکراوەی "اداره‌ء کل انتشارات و تبلیغات" دەرخست.[xxxvi]

لە دە بیست ساڵی رابوردوو دا، لێکۆڵینەوە و چاپەمەنی سەبارەت بە رابردوو و ئێستەی کوردستان زۆر بووە و خوێندنی باڵاش پەرەی ئەستاندووە و لە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" زانکۆی زۆر دامەزراوە، بەڵام نە لە دەرەوەی وڵات و نە لە زانکۆکانی وڵات، لە دەرسگوتن و لە تێزی ماجستەر و دوکتورا دا زۆر دەربەستی خەباتی چینایەتی بە تایبەت بزووتنەوەی کرێکاری و وەرزێری نین. بەڵام لە دەرەوەی زانکۆکان، چەند هەنگاوێك هەڵگیراوە. یەکێك لەوانە بەرهەمی رەحمان محەمەدیانە.

لە بەرگی یەکی *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* (١٣٨٩)، محەممەدیان کۆمەڵێك بەڵگەی بە نرخی سەبارەت بە خەباتی نێوان خەڵکی شارۆچکەی بۆکان و ئاغاوەتی ئیلخانیزادە کە مالیکی بۆکان بوون بڵاو کردۆتەوە.[xxxvii] لەو بەڵگانە و لە لێکدانەوەی نووسەر دەردەکەوێ کە دوو خەبات هاوکات لە ئارا دا بوون – خەباتی خەڵکی بۆکان لە دژی ئاغاکان و خەباتی وەرزێران لە لادێیەکان. ناکۆکی هەوڵ لەسەر ئەو خانووبەرە و دووکان و باغانە بوو کە خەڵکی بۆکان لە ئاغایان کڕیبوو بەڵام ئاغا نەیدەهێشت ئەو موڵکانە بە نێوی کڕیار "ثبت" بکرێ و قەباڵەیان بدرێتێ. ناکۆکییەکەی دی لە گوندەکان ئەوە بوو کە لە پێشدا باسم کرد – وەرزێران سووروساتیان بە ئاغا نەدەدا و لە بەعزە گوندێك ئاغاکانیان دەرکردبوو. لە گەڵ ئەوەشدا ئەو دوو ناکۆکییە پێوەندییان هەبوو (هەردوو لە دژی یەک بنەماڵەی ئاغاوەت بوون)، لە باسی راپەڕینی وەرزێران دا تێکەڵ کراون. حاجی قاسم، کە لە بۆکان بەرگدروو بوو و رابەرایەتی خەباتی خەڵکی شارۆچکەی دەکرد، وەك رابەری وەرزێرانیش ناسراوە، و زۆر وەرزێریش هەر وایان دەناسی. ئەو کتێبە زۆر زوو لە لایەن ناسر عەلیپارەوە رەخنەی لێ گیرا (لە خوارەوە زۆرتر باسی دەکەم).[xxxviii]

بەرگی دووەم سێ بیرەوەری و سێ وتووێژی تێدایە کە یەکیان لایەنگری راپەڕینە و ئەوانی دی لە بەرەی ئاغاوەت دان. ئەو مەتنانە زانیاری ورد و بە کەڵك سەبارەت بە رووداوەکان و بەشدارانی راپەڕینی تێدایە و گرینگی وتووێژ و بیرەوەری بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە پێشان دەدەن.[xxxix]

ئەوەندەی تا ئێستا لێکۆڵینەوە کراوە، گرینگی ئەو راپەڕینە، وەك رووداوێکی سیاسی و مێژوویی، دەردەخا و لە هەمان کات دا کەم و کووڕییەکان و بەرهەڵستەکانی لێکۆڵینەوەمان وەبەرچاو دەخا. یەکێك لەو کۆسپانە، کافی نەبوونی زانیاری (information) و دادە (data) و فاکتە (fact) سەبارەت بە راپەڕینەکە و کەم و کووڕی مێتۆدی کۆکردنەوەی زانیارییە. کۆسپێکی دی لە گۆڕەپانی لێکدانەوەی زانیاری و دادەکاندا[xl] سەرهەڵدێنی. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلوژی لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و خوڵقاندنی زانست.



١

ئەمن نێوم حەمە ئەمین کوری پیاوێکی زەحمەت
کێشم بابم نێوی عەبدوڵا شەپوور. ئەمنیش حەمە
یەم دەلێن حەمە ئەمین شەشە. دایکم نێوی زارا بوو.
ئەمن تەمەنم ٨٥ ساڵە متوو لێدی ١٣٠٤ی هەتاویم
ڕۆژێکە یەکێکە لە برایان نوو سەرە سەبارەت بە ڕا
پەڕینی وەرزێران مکریان. لە ساڵەکانی ١٣٣١و٣٢و١٣٣٣...
هاوکات لەگەڵ حکومەتی ملی دکتر مصدق. چند پرسیاری
کردووە. چەوون هێنا لەگەوری پرسیارەکان زۆر جوزبی بوون.
بەلام لە بار ئەوە ئەو ڕوداوە لە کاتێکدا بو کە باری سیاسی
حکومەت ودوو بەرکێ نێوان شا و دکتر مصدق لە ئەوپەڕی
خۆی دابوو. لە پێشدا ڕاپەڕینەکە لە نێوو بەگزادەو
دێبوکریەکان دەستی پێکرد. دەگەڵ ئەوشن کەماوەکەی
زۆر کەم بوو. بەلام تەشەنەی کردە دێهاتی کوردەکانی
شامات. وچومی مەجید خانیشی گرتەوە. بەتایبەت ئاواییەکانی
خوێریاوا وو حاجی حسن. دەمەسور. تازەکندوو هەمو شاماتی.

شکڵ ٥. لاپەڕەی هەوەڵی دەستنووسی حەمەدئەمینی ئەحمەدپوور (شەشە) سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

## باروودۆخی لێکۆڵینەوە: سیاسەت، ئیدەئۆلوژی، و تیۆری

لێکۆڵینەوە و داهێنانی زانست سەبارەت بە ڕاپەڕین یان هەر دیاردەیێکی دی کارێکی سەربەخۆ لە پێوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵی نییە. کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ڕاپەڕین خۆی کارێکی لایەنگرانەیە تەنانەت ئەگەر لێکۆڵەرەوە بیەوێ لە پێوەندی دەسەڵات سەربەخۆ بمێنێ. لێکدانەوەی ئەو زانیارییە و بڵاوکردنەوەشی هەر لە گۆڕەپانی دەسەڵات و دابەشبوونی نابەرابەرانەی دەسەڵات دا دەخولێتەوە. لەو بەشەدا کورتە ئیشارەیێك بە لایەنگریی سیاسی و ئیدەئۆلوژی و کێشەی تیۆری دەکەم.

**باری سیاسی**

لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوی دا، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە خەباتی چینە زەحمەتکێشەکان و گەلە زوڵم-لێکراوەکان و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان قەدەغە بوو؛ لێکۆڵینەوەی مەیدانیی بە وتوویژ یان بە شێوەی "مێژووی زارەکی" دەبوو بە نهێنی بکرێ و زۆر کەس نەیدەوێرا بۆ لای بچێ. هەروەها، ئارشیوی دەوڵەتی کە بەڵگەی گرینگی تێدایە بۆ لێکۆڵینەوەی وا ئاواڵە نەبوو یان هەر لە گۆڕێ دا نەبوو. تەنانەت ڕۆژنامە و گۆڤاری پێشکەوتنخوازی زەمانی ڕاپەڕین کە باسی ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان و خەباتی وەرزێرانی تێدایە لە بەر کونترۆڵی کتێبخانەکان وەدەستنەدەکەوتن. لێکۆڵەرەوە دەبوو زانیاری سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە بە نهێنی کۆبکاتەوە و نووسین و بڵاوکردنەوەشی بە نهێنی بێ. حیزبە سیاسیەکان – حیزبی توودە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، فرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان – کە لە ۱۳۳۰–۱۳۳۲ دا لایەنگرەکانیان لە موکریان چالاکییان هەبوو، لە باروودۆخی سەرکوتکرانی هەمیشەیی دا، نەیاندەتوانی بەڵگەی خۆیان ئارشیو بکەن (بەشێك لە چاپەمەنی و بەڵگەکانیان لە ئارشیوەکانی سوڤیت و وڵاتانی دی پارێزراوە).

دوای کوودێتای ۱۳۳۲ (۱۹۵۳)، هات و چۆ بۆ گوندەکان بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە کارێکی هاسان نەبوو: ساواك و ژاندارمە و دەست و پێوەندییەکانیان ئاگایان لە هاتوچۆی خەڵکی شار و هەر "بێگانە"یێک بوو. لەو باروودۆخە دا، لێکۆڵینەوە دەبوو بە نهێنی بکرێ و، بەو چەشنە، بە ئاشکرا خەباتێکی دژی دەسەڵاتی ڕژێم بوو.

بەڵام دەوڵەتی پەهلەوی تەنیا سەرچاوەی سانسۆڕ نەبوو. ئاغاوەت دەسەڵاتیان هەبوو و خەڵك لە ترسی هەڕەشە و گوڕەشەی ئەوان نەیدەوێرا وەدوای باسی وا بکەوێ. بۆ وێنە ئەحمەدی شەریفی بەڵگەیێکی سەبارەت بە ڕاپەڕین (کە لە ساڵی ۱۳۳۲ بە ئاشکرا لە ڕۆژنامەی *کیهان* بڵاو ببۆوە و لە پێش دا باسم کرد) لە ساڵی ۲۰۰۳ دا بۆ ئەنوەری سۆڵتانی نارد هەتا لە دەرەوەی ئێران بڵاویبێتەوە، و بۆی نووسیبوو کە ناتوانێ ئەو بەڵگەیە لە وڵات بڵاو بکاتەوە چونکە: "کاکە ئاغا ئێستاش پیاو دەخۆن!" مەبەستی لە "ئێستا" ئەوە بوو کە ٥٠ ساڵ بە سەر ڕووداوەکە دا تێپەڕیوە، لە ۱۳٤۱دا "اصلاحات ارضی" کراوە، و پتر لە بیست ساڵە ڕژیمی پاشایەتی نەماوە،[xli] بەڵام ئاغاوەت هێشتا زاڵن. ئەو بەڵگەیە وتاری قاسم ئاغای ئیلخانیزادە بوو کە لە گەڵ ئاغاوەتی سەرکوتگەری ڕاپەڕینەکە بانگ کرابوو بۆ "زیارەتی" محمدرضا شا. قاسم ئاغا لەو وتارەدا دەڵێ کە وەرزێرەکان ڕژیمی "سلطنتی" و نیزامی ئاغایەتییان لە مەترسی خستبوو و ئاغاوەت بە یارمەتی "ارتش شاهنشاهی" ئەو "پیلانە"یان تێكشکاند. نموونەیێکی دی کەسێکی شارەزا لە نیزامی دەرەبەگێتی دەشتی هەولێرە کە لە ۱۹۹۰ دا داوام لێکرد ئەوەی سەبارەت بە سووروسات و خەباتی وەرزێرانی ناوچە دەیزانێ بۆم بنووسێ؛ لە وەڵام دا وێڕای ناردنی نووسینەکەی، باسی پێوەندی "زۆر بە هێز"ی خۆی لەگەڵ ئاغاوات و شێخەکان کردبوو، و گوتبووی:


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

...ئەوانە لە هەموو كات و شوێن و فەرمانگەی میری یەوە قسە و دەستیان دەڕوات، لە وەتی بە بیرم دێت هەر کەسێک لە ناوچەکەدا دژیان جووڵابێتەوە یا خوا دوابێت نەیان هێشتووە خێروخۆشی لە خۆ ببینێت. بۆیە تکایە تکایەکی دۆستانەت لێ دەکەم ئەگەر نووسینەکانی منت بڵاوکردەوە بە هیچ جۆرێک ناوم نەهێنیت. تەنیا ئەوەندە بنووسە نووسەرێکی کوردی هەولێر. برات: ... دووبارە تکایە ناوم نەنووسیت...

دیسان لە نامەیێکی دی لە ١٠-٩-١٩٩٢ دا، وەبیری خستمەوە کە هیچ نووسراوەیێکی وی بە نێوی خۆی بڵاو نەکەمەوە:

... لە ناوچەی ئێمەدا ئەگەر بتەوێت خێروخۆشی لە ژیان دا نەبینیت دژی ئاغا و شێخان بووەستە. چونکە لە هەموو شتێک، لە هەموو شوێنێک، چ بە ناوی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری، چ بە بەرەواژی یەوە کەوچکن و دەسەڵاتێکی باڵایان هەیە. منیش... بۆیە لە ئاست دەرخستنی زوڵم و زۆرداری و تەڵەکەبازی یان دا مجرۆ..و پەل بەستراوم...

بۆیە تکایە، تکایەکی کوردانەت لێ دەکم کە هەرگیز نابێ بە ناوی من بڵاوی بکەیتەوە. ئەگەر لە بەر باری کۆمەڵایەتی نەبووایە بە [بۆ] خۆم لە ڕۆژنامەکانی لای خۆمان بڵاوم دەکردەوە.

دووبارە داوا دەکەم بە ناوی من بڵاوی مەکەوە. بەڵام دەتوانی بە ناوی خۆت، یان خۆد بە ناوێکی نهێنی کە وا بۆنی منی لێ نێت بڵاوی بکەیتەوە.

کۆسپی سیاسی هەر دەوڵەتی ئێران و ئاغاوەت نین. جاری وایە ئەو حیزبەی خۆی بە ڕێبەری ڕاپەڕینەکە دادەنێ پێش بە لێکۆڵینەوە دەگرێ. لە ١٣٦٧دا، لە دەرەوەی وڵات یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەیێکی هەرە تێکۆشەر لە ڕاپەڕیندا کاتێك پێیزانی من خەریکی ئەو لێکۆڵینەوەم پێشنیاری کرد کە یارمەتی بدا لە گەڵ یەکێك لە خزمەکانی پێوەندی بگرێ بۆ وتووێژ. من بە ئەو پەڕی خۆشییەوە پرسیارەکانم نووسی و بۆمنارد بەڵام وەڵامی پرسیارەکان نەهاتەوە و دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات پێیزانیبوو و پێشیگرتبوو.[xlii]

**باری ئیدەئۆلۆژی**

کۆسپی ئیدەئۆلۆژی کە ڕێگە بە لێکۆڵینەوەی خەباتی چینایەتی دەگرێ زۆرن و لێرەدا دوو نموونەیان دەست نیشان دەکەم. یەکیان ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیستییە کە ئارەزوو و ئاواتی یەكگرتوویی نەتەوەی کوردە و ناکۆکی خۆماڵی وەك ئاغا و وەرزێر، سەرمایەدار و کرێکار، یان ژن و پیاو وەپشت گوێدەخا و واهەیە ئینکاری دەکا. تەنانەت ئەگەر ڕاستییەکانی خەباتێك لە ئێستە و ڕابردوودا نەتوانێ حاشا بکا، بە شێواندنی فاکت و بەڵگە و بەلێکدانەوەی نادروست دەیەوێ وەك ڕووداوێکی بێبایەخی لە قەڵەم بدا.

بۆ وێنە، مەسعوود محەمەد ئینکاری دەرەبەگی بوونی کوردەواری دەکا، و دەڵێ چەوساندنەوە ("ستەم") لە گشت نیزامێكدا هەیە و ناتوانێ نەبێ، و ئەوانەی "لە سەر ڕووی کاغەز فیۆدالی کورد خەلق دەکەن" مەبەستیان ئەوەیە "خەباتی فەلاحی" داتاشن، و "خەباتی قەومایەتی" وەلانێن و "خەباتی چینایەتی" وەرێ بخەن.[xliii] بەو کەسانەی کە باسی


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

ڕاپەڕینی جوتیاران و خەباتی چینایەتی دەکەن بە ڕاشکاوی دەڵێ: "فیۆدالێك لەعنەتبار بکە کە هەبووبێت و تاوانباریش بووبێت، لە هیچە قوتی مەکەوە بە خۆڕاییش تاوانباری مەکە".[xliv]

ئیدەئۆلۆژی هەر لە خەیاڵات و تێگەیشتنی هەڵە پێکنەهاتووە، و بڕوا و باوەڕ و ئیمانە، و ڕێگە پێشاندەرە، و داخوازی و ئاواتی چینێك یان توێژێکی کۆمەڵی دەردەبڕێ.[xlv] لەو کتێبەدا، نووسەر کۆمەڵی کورد و مێژوویەکەی بە گوێرەی ئارەزوو و ئاواتی خۆی دادەڕێژێ، دەرەبەگ بە "براگەورە" دادەنێ، و خەباتی چینایەتی بە تایبەت خەباتی وەرزێران لە مێژووی کوردستان و ئەدەبی زارەکی و شیعری کوردی (پێش ساڵانی ١٩٤٠) دەسڕێتەوە، و ئەوەی دوای ساڵانی ١٩٤٠ کراوە و گوتراوە بە کردەوەی حیزبە چەپەکانی دادەنێ نەک بە گوورانی خەباتی چینایەتی، و دەڵێ خەباتی چینایەتی دژی بەرژەوەندی گەلی کوردە و لە دەرەوەڕا هاتووە و "خەباتی قەومایەتی" دەشێوێنێ. بەڵام ئەو بۆچوونە، کە وەك بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد نوێندراوە، لە بەرژەوەندیی چینی دەرەبەگ دا هێلانەی کردووە، و زۆرتر ئارەزووی پاراستنی نیزامی دەرەبەگییە بە لە سەرکردنەوەی ئاغاوەت.

بە پێچەوانەی مەسعوود محەمەد، حنا بطاطو لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی *چینە کۆمەڵییە کۆنەکان و بزووتنەوە شۆڕشییەکانی عێراق* دا دەڵێ کە "بەگزادەی جاف" بە ٣٣٣،٥٣٩ دۆنم زەوییەوە (لە ١٩٥٨ دا) دەرەبەگی هەرە گەورەی عێراق بوون.[xlvi] هەروەها، سەبارەت بە خەباتی وەرزێرانی گوندی عەربەت (لە ناوچەی سلێمانی) لە 1948دا دەنووسێ ئەو ڕووداوە لە باری مێژووییەوە زۆر گرینگە "لە بەر ئەوەی دەبێتە هەوەڵ ڕاپەڕینی ئەو چەشنە لە لادێی عێراق – ڕاپەڕینێک لە دژی شێخی زەوی دار نەک لە ژێر ڕابەرایەتی ئەو دا – وە بەو مەعنایە ڕێگەی خۆش کرد بۆ نائارامیی بەتینی، بەڵام جارجاریی، کشت و کاڵیی"[xlvii]. عەربەت موڵکی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود بوو، و چەوساندنەوە ئەوەندە زۆر ببوو وەرزێران، بە یارمەتی حیزبی شیووعی، لە دژی خاوەن موڵک هەستانەوە و سەرکەوتن.

ئیدەئۆلۆژی دەرەبەگیی دەربەستی چارەنووسی نەتەوە نییە بەڵام، وەك ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیستی، لە نیزامی دەرەبەگی بەرگری دەکا، و خەباتی وەرزێران لە دژی چینی دەرەبەگ ئینکار دەکا. ناسر عەلی‌یار، لە ڕەخنەی خۆی لە کتێبی *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا*، چەند هەڵەیێکی ئەو کتێبەی ڕاست کردۆتەوە بەڵام حەول دەدا بە "مەغلەتەی ڕوو بە ئینسان" (ad hominem fallacy) نووسەرەکەی سووک بکا و بە سووک کردنی وی کتێبەکەی بێ قەدروقیمەت بکا. ئەو مەغلەتەیە شێوە ئیستیدلالێکی باوە (بە تایبەت لە کۆمەڵی عەشیرەیی و دەرەبەگی دا) کە لە باتی پەرچدانەوەی قسە یان بۆچوونی کەسێك بە دەلیل و بەڵگە، حەول دەدا ئەو کەسە بێ ئیعتبار بکا و بە بێ حورمەت کردنی وی قسەکەی لە بایەخ بخا. بۆ وێنە، وا دەگەیێنێ کە محەممەدیان خۆی کتێبەکەی نەنووسیبێ؛[xlviii] یان ڕەنگە وردەحیسابە سیاسییەکانی نووسەر "ڕۆڵێکی گرینگی لە پێکهێنانی ئەو کتێبە دا هەبووبێ"؛[xlix] یان نووسەر پەرۆشی دزرانی دوو خیگە ڕۆنی بنەماڵەی خۆیانە بەڵام لە ئاغاوەت ڕانابینێ لە بەرژەوەندیی خۆیان بەرگری بکەن؛[l] یان، دەڵێ "ناشزانم لە کەیەوە کاک ڕەحمانی محەممەدیان هێندە دڵسۆز بووە بە پەرۆشی تێشکانی ڕیزەکانی گەلەوە بووە".[li]

عەلی یار دەڵێ:

"ئەوە ڕاست نییە ... کارو پیشەی مڵکداری و سەرپەرشتی کردنی وڵات هەر بۆ دژایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵك داندرابێ... پێداویستی ئەوکاتی کۆمەڵگا ڕەنگە ڕێگای نەدابێ نیزامێکی عادڵانە بۆ کەڵك وەرگرتن لە زەوی و زار


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

و هەڵبژاردنی کاربەدەستان لە ڕێگای دەنگدان جێبەجێ بکرێ... خەڵکیش بە دایمە ئەرکی پیرۆزی خەبات و چاکسازییان نەکردۆتە پیشە و چاکی مەردایەتیان بە لادا نەکردووە کە لەگەڵ دژایەتی کردنی خاوەن مڵکەکان و کاربەدەستان ڕووبەڕوو بنەوە...".[lii]

عەلی‌یار، وەك مەسعوود محەمەد، دەڵێ کە سەرباقی زوڵمی "چینی باڵادەست"، "چینی ژێردەست توانا و ویستی خەباتی چینایەتیان نەبووە. ئاغاش باش و خراپیان هەیە و زۆرتریان باش بوون"؛[liii] هەردوولا – ئاغا و ڕەعییەت – توندوتیژییان کردوە.[liv] پێش پەیدا بوونی حیزبە چەپەکان (لە ساڵانی ١٩٤٠) نە لە بۆکان و نە لە شوێنی دی، خەبات لە دژی ئاغاکان "نەبینراوە".[lv] ئەو حیزبە چەپەش "سەربە شۆرەوی" بوو و "خەڵکی کورد بە بێ سێ و دوو" وەدوای کۆمەڵەی ژ.ك کەوتن.[lvi] ئیدەئۆلۆژیی بوونی لێکدانەوەی عەلی‌یار لەوەی دایە کە دەیەوێ ڕاپەڕینێکی دژی دەرەبەگێتی بکا بە ڕووداوێکی بێ بنج و بناوان کە نە دەیتوانی و نە دەیویست دژی ئەو نیزامە بێ کە بۆخۆی پەسندی دەکا. ئەو، ڕاپەڕینەکە وەک پچڕانێك لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان چاولێ ناکا، چونکە ئەو مێژوویە وەک بەسەرهاتی خان و ئاغا و شێخ دەخوێنێتەوە؛ لەو خوێندنەوەدا، مێژوو ڕێگەیێکی سەرڕاست و بێ پێچ و پەنای هاتووچۆی دەسەڵاتداران و "گەورە پیاوان"ە، و ڕاپەڕین لە ڕێ لادانێکی ناشیرین و دزێوی بۆرەپیاوانە.

ئەو بەرهەمە (ناسر عەلی یار، *ڕەخنە لە سەر...*) بۆ لەسەرکردنەوەی ئاغاوەت و شەڕەکەیان لە دژی ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان نووسراوە، و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بەعزە هەڵەیێکی *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا* ڕاست دەکاتەوە (بۆ وێنە تاریخی دەست پێ کردن و کۆتایی هاتنی ڕاپەڕینەکە و چەند ڕووداوی دی، خوێندنەوەی چەند بەڵگە و بەسەرهاتی چەند کەس)، بەلام ئەرکی سەرەکیی سەرشانی نووسەر گێرانەوەی ڕووداوەکان و لێکدانەوەیان لە ڕوانگەی چینی دەربەگە. بەجێ‌هێنانی ئەو ئەرکە ئیدەئۆلۆژییە پێویستی بە داتاشینی فاکت، بێدەنگی کردن لە زۆرفاکتی زانراو (وەک دەوری ئاغاوەتی ئیلخانی زادە لە سەرکوت کردنی ڕاپەڕین دا) هەیە، و لە هەمان کاتدا نیازی بە لێکدانەوەی نادروست و لە خۆڕا هەڵبەستراو هەیە هەتا بتوانێ وەسەریەکیان بخا، و دەرەبەگێتی وەک چارەنووسی گەلی کورد بسەلمێنێ. بەراوردێکی گێرانەوەی وەرزێرەکان (لە وتووێژەکانی من دا) لەگەڵ گێرانەوەی عەلی‌یار دەری دەخا کە ئەو دوانە یەکتر ناگرنەوە، سەرباقی ئەوەی کە وەرزێران، وەك ئەندامانی گشت چینێکی دی، یەکدەنگ نین. گێرانەوەی وەرزێر و ئاغا، وەکوو ژیانی هەرڕۆژیی ئەو دوو چینە، لێک دوورن: کوتوویانە "گۆزەی سوور و ئاوی شەوێ، ئاغا و کرمانج ڕێک ناکەوێ".

بە کورتی، ڕەنگە پێویست نەبێ بۆچوونی مەسعوود محەمەد وەک "ناسیۆنالیستی" و ئی عەلی یار وەک "دەرەبەگی" دابنێم. لێرەدا، دەرەبەگێتی و کوردایەتی وەها تێکهاڵاون لێک جوێ ناکرێنەوە. هەر دووکیان لە سەر نیزامی دەرەبەگێتی دەکەنەوە، و بۆ سەلماندنی باسەکەیان دەیکەن بە دیاردەیێکی سروشتی و خۆماڵی بۆ ئەوەی بناغەی کوردەواری و بنچینەی کوردایەتی پێ دابڕێژن. مەسعوود محەمەد دەڵێ "کورد" نە دەرەبەگێتی (فئودالیسم) هەبووە و نە خەباتی وەرزێری. عەلی‌یار، وێرای ئەو بۆچوونە، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە ڕووداوەکانی ١٣٣١ ی موکریان ڕاپەڕینێکی وەرزێری نەبوو.


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

**باری تیۆری**

گۆران لە هەڵبەستی "بۆ گەورە کچێك"دا دەڵێ: "ئەو سا نییە تا ناوی قسەش دیوی دەری بێ".[lvii] ئەوە باسی جیایی یان لێکدابڕانی ناو (ژوور) و دەر، یان فۆرم و مەعنایە، و لە فەلسەفە و زانست و هونەردا بە مەفهوومی وەك زاهیر و ماهییەت، رووکار و ژێرکار، دیار و نادیار، یان عەرەز و ماهییەت لێکۆڵینەوەی لێکراوە. رەنگە ناو یان مەعنای قسە (یان وشە، رەستە، مەتن) قەت بەرابەری دیوی دەرێی نەبێ و هەمیشە ناتەبایی لە نێوانیاندا لە ئارادا بێ. بە کورتی، رووکار ناتوانێ ناوەڕۆك (یان ژێرکار) تەواو دەربڕێ، یا خۆ ناوەڕۆك لە ڕووکار ئاڵۆزترە، بەڵام دەکرێ بە مێتۆدی زانستی بە تایبەت بە دیالیکتیك (یەکێتی و خەباتی دژبەرەکان) بە تێگەیشتنی پێوەندییە ناوەکییەکان بگەین.

ئەگەر رووکاری دەرەوە وماهییەتی شتەکان راستەوخۆ وێك‌هاتبانەوە، تەواوی زانست زیادی دەبوو.[lviii] ئەگەر وابا – رووکار یان (عرض) تەواوی ماهییەتی دەربڕیبا – پێویست نەدەبوو بە یارمەتی مەفهووم و تیۆری و مێتۆد واقعیەت بناسین. راپەرینی وەرزێران، بۆ وێنە، رووداوێکی ئاڵۆز بوو کە تەنیا لە پێکدادانی دەرەبەگ و وەرزێڕدا کورت ناکرێتەوە و، بگرە، تەواوی پێوەندییە کۆمەڵی و سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان و ئێران و ناوچە و دنیای تێدا وەگەڕکەوتبوو. بۆ وێنە، رواڵەتی رووداوەکان، رادەی تێوەچوونی ئەمریکا لە چارەنووسی ئەو راپەرینە وەدەرناخا، و لەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا بڵاوبوونەتەوە ئەو باسە نەکراوە. دیارە ئەگەر فاکتەکان (بۆ وێنە لە گوزارشتی نهێنی دەوڵەتی ئەمریکا و بەڵگەی پێویستی دی دا) کۆبکرێنەوە ئەو پێوەندییەی نێوان فئودالیسم و ئیمپریالیسم وەبەرچاو دەکەوێ، بەڵام تێگەیشتنەکەی کێشەی تیۆری و سیاسەت دێنێتە گۆڕێ. تەنانەت وەدوای سەرچاوەی وا کەوتن پێویستی بە هەست کردن بە پێوەندی نێوان ئیمپریالیسم و دەرەبەگێتی و دژایەتی ئەوانە لە گەڵ رزگاری و ئازادی هەیە. رێفۆرمی موسەدیق لە چوارچێوەی نیزامی "نیوە-دەرەبەگی" ئەو سای ئێران دا کرا بۆ مەبەستی دژایەتی کۆمۆنیسم، سەرباقی وەی لە بارودۆخی ۱۳۳۱-۱۳۳۲ دا لە روانگەی ئەمریکاوە "مەترسی" وەی هەبوو کە ئەو پرۆژەیە یارمەتی بە کۆمۆنیسم بدا. ئەمریکا و رۆشنبیری لایەنگری دەسمایەداری ئیمپریالیستی ریفۆرمی ئەرزیی چین و ویەتنامیان بە بەرنامەیێکی کۆمۆنیستی دادەنا کە وەرزێرانی بۆ لای کۆمۆنیستان رادەکێشا، و پێیان وا بوو بۆ بەربەرەکانی کردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ ریفۆرمی ئەرزی سەرمایەداری بکرێ. شای ئێرانێ، دوای سەرنخوون بوونی رێژیمی پاشایەتی لە عێراق لە ۱۳۳۷ (۱۹۵۸) و شۆرش لە کووبا لە ۱۳۳۲-۱۳۳۸ (۱۹۵۳-۱۹۵۹) و بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەلجەزایر لە ۱۳۳۳-۱۳٤۱ (۱۹٥٤-۱۹٦۲) دا بە تەگبیری ئەمریکاش"اصلاحاتی ارضی" کرد.[lix]

لە بەر ناتەبایی رووکار و ژێرکار و ناتەواوبوونی رووکار بۆ تێگەیشتنی ڕاپەڕین، ئەگەر بمانەوێ لە "دیوی دەرەوە" ی رووداوەکاندا نەمێنین و پێوەندییە نادیارەکان دیاری بکەین، پێویستمان بە کۆمەڵێك مەفهووم و تیۆری هەیە. بۆ وێنە، وشەی "راپەڕین" و "وەرزێر" کە تا ئێستە دەکارم هێناون وشەی ساکار یان ئاسایی نین و لە هەر روانگەیێکدا مەعنای جیاوازیان هەیە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیێکی زۆریان لێ‌کراوە. وەڵامی پرسیاری وەك "وەرزێر چییە؟" یان "راپەڕینی وەرزێریی چییە" دەبێتە باسی تیۆری کە کوڵێک مەفهووم و پرسیاری دی دێنێتە گۆڕێ وەك دەرەبەگێتی، چینی کۆمەڵی، چەوساندنەوە، خەباتی چینایەتی، چینی وەرزێر و توێژەکانی، مەسەلەی وەرزێریی و نەتەوەیی، نیزامی جینسێتی (پێوەندیی پاتریارکی)، دەوڵەت، حکوومەت، ناسیۆنالیسم و دەرەبەگێتی، کۆمۆنیسم و چینی وەرزێر، دەرەبەگێتی و سەرمایەداری، ئیمپریالسیم و دەرەبەگێتی، شۆڕش، دین و نیزامی چینایەتی، بزووتنەوە، شەڕ، رێك‌خستن و بەڕێوەبردن، خۆرسکێتی و ئاگاهی، رزگاری، ئازادی، و زۆر مەفهووم و باسی دی.


ISSN 564-7075
www.derwaze.net



شکڵ ٦. سۆفی حەمەدئەمینی بروومەند، وەرزێری خەڵکی گوندی لەج، شارویرانی مەهاباد، چالاکی سیاسی لە کۆماری کوردستان و لە راپەڕینی وەرزێرانی ١٣٣١ (١٩٥٢)

تیۆری زۆر ئەرکی لە سەرشانە، وەك رێنوێنی بۆ وردبوونەوە لە پێوەندییەکانی رووکار و ژێرکار و مێژوویی دیتنی رووداوەکان و لێکدانەوەیان، بەڵام تیۆری خۆی مەیدانێکی خەباتە و جۆراوجۆرە. تیۆری باش و خراپ، بەکار و بێهێز، پتەو و بێبنج، یان شۆڕشگێرانە و دواکەوتووانەی هەیە. بۆ وێنە لە باسی خەباتی وەرزێریی لە دژی دەرەبەگێتی مەفهوومی وەك "بزووتنەوە، شەڕ، شۆڕش، راپەڕین" دەکار هێنراوە، کە هەر کام لە وانە چەشنێک یان رادەیێک یان قۆناغێکی خەباتە، بەڵام بۆچوونێکی یەکجارەکی و وەک یەک لە گۆڕێ دا نییە، و تەنانەت روانگەی تیۆری وا هەیە کە بایەخ بە "فۆرمی هەر رۆژیی بەربەرەکانی وەرزێریی" دەدا و پێی وایە ئەو چەشنە خەباتە تاقەکەسانە و "بێدەنگانە" گرینگ ترن لە راپەڕین و شۆڕش.[lx] لە کوردستان، وەك گشت کۆمەڵی دەرەبەگی دی، هەڵکەوتووە کە تاقە کەسێك بەربەرەکانی دەربەگێکی کردووە و بە شێوەی جۆراوجۆر تۆڵەی خۆی ئەستاندۆتەوە و زۆر جار تێداچووە. گۆران لە هەڵبەستی "بووکێکی ناکام"دا باسی کوڕە شوانێك دەکا کە ئاغا دڵدارەکەی لێ داگیرکردووە، و کوڕە شوانەش ئاوا بەرەنگاری ئاغای دەبێ:

کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو، دایە کێو،
زەویی داگرت بە تف کردن، ئاسمان بە جنێو!
چەن جارێ شەو ماڵی ئاغای دایە بەر تفەنگ،
دەغلی سووتان، باغی بڕی، بۆ ئەتك و پەنگ،
کلك ویاڵی چەن چارەوێی قەڵ کرد بە خەنجەر،
بە سەر ڕانی ئاغایا دا و مەڕی دایە بەر ...[lxi]


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

لە ئەدەبیاتی زارەکیش، بۆ وێنە لە بەیتی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" دا، گوتراوە:

کێ بوو؟ لە فەرخۆڵەی نازدارە،
شیری بابی وەچنگ کەوت ئەو جارە،
دەستی دایە بۆ یەختەخانەی ماڵی مامی چوە خوارە،
دەرکی کردەوە، چوو، لە تەویلەی گرتی قەرارە.
بە تەویلە یدا هات، لە رەفیسکەی هەموو ماین و ئەسپانی داوە.
قەت یەکێکی بە ساغی نەماوە.[lxii]

جاری وایە خەڵکی گوندێکی لە ئاغا یان کوێخاییێکی زاڵم وەخۆدەکەون. بەیتی "کاکە میر و کاکە شێخ" چیرۆکی راپەرینی خەڵکی دێیە لە دژی دوو ئاغایان:

کاکە میر و کاکە شێخ ئاغای مەرگەیان بوون. مەیتەریان بۆ وەڵاغی خۆیان قەت نە دەگرت؛ دەبوو ژنی رەعیەتان بێ تەویلەی بماڵێ، ئەسپان ئاو بدا، کا و جۆیان بداتێ. ئەگەر خەڵاس دەبوو بچێتەوە، دەیان گرت، دەرکەیان لێ دەگرت... ژن و کچیان هیچ نەهێشت. هەیدەر گۆران پیاوێکی رەشید بوو، خەڵقی دێیەکەی پاکی وەخۆ کردەوە، پاکی قورعانی خوارد، کوتیان: "دەبێ قسەمان یەک بێ، سبحەینێ دەبێ..."[lxiii]

ئۆسکار مان ئەو بەیتەی لە هاوینی ١٩٠٣ دا لە سابڵاغێ تۆمار کردووە. هێمن لە لێکدانەوەی ئەو مەتنە دا دەنووسێ حەیدەر گۆران،

... دیلەکانی کۆکردەوە و سوێندی دادان و ئامادەی کردن، بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە ئەمیرێکی گورگەمێش و داوێن پیس بکەنەوە. رەنگ بێ هەیدەر گۆران یەکەم بۆرە پیاوی کورد بێ کە راپەرینێکی سەرکەوتوانەی رابەری کردبێ.[lxiv]

دیارە ئەو فۆرمە خەباتانە کە بەرین و باون و لە گشت کۆمەڵێکی وەرزێریی‌دا دەبیندرێن بەشێکی گرینگی نیزامی دەرەبەگین، و بەبێ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەوانە تێگەیشتنی ئەو نیزامە ناتەواو دەمێنێ. ئەو شکڵە خەباتانە خۆڕسکیین، کاری تاقە کەسن و دژی ئاغایێکن، بەڵام راپەرین و شۆڕش کردەوەیێکی ئاگاهانە (بە بەرنامە) و کۆمەڵیی و دژی چینی ئاغاوەت و جاری وایە دژی نیزامی دەرەبەگیین، و بە دەگمەن هەڵدەکەون، و دەتوانن نیزامەکە تێک بدەن. بە پێچەوانەی تیۆری "فۆرمی هەر رۆژیی بەربەرکانی وەرزێریی" کە والتر سکات گەڵاڵەی کردووە، ئەو فۆرمانە و راپەرین هەر کامەی لایەنێکی خەباتی چینایەتی دەردەبڕن و نابێ بە شێوەی دووبەرێتی (دوالیسم) لە یەکتر جوێ بکرێنەوە و لە بەرامبەر یەکتردا قوت بکرێنەوە. لە شۆڕش و راپەرین‌دا کێشەی ئاگاهی، رێکخستن، و سەرنخوونکردنی نیزام و بەدیلی نیزام دێتە گۆڕێ و ئەوانەش داوای تێفکرین و وردبوونەوەیێکی زۆر لە مەیدانی تیۆری و مێژوو و مێژوونووسی دەکەن.

ئەوانە و زۆر تیۆری دی لە سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا باسی دوورودرێژی لێکراوە و گەنجینەیێکی زانستی تیۆری بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی بزووتنەوەی جوتیاران لە بەردەستدایە. هەروەها بزووتنەوەی وەرزێران لە مێژووی بەعزە وڵاتێك وەك چین، هندووستان، روسیە، ئورووپا، و چەند وڵاتی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا لێکۆڵینەوەی

زۆری لێکراوە و ئەو گشت زانیارییە یارمەتی دەدا کە ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان وەك هەڵکەوتێکی خۆجێیی و تاق نەبینین، و وەك ئانێک لە مێژووی جیهانیی چینێکی چەوساوەوە تێبگەین. لەو لێکۆڵینەوەدا، ڕوانگەی تیۆری من مارکسیسمە و تیۆرییەکانی دی بە شێوەیەکی رەخنەیی هەڵدەسنگێنم.

## سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە

سەرچاوەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوانەن:

١. **وتوویژ و مێژووی زارەکی**: وتوویژ لە گەڵ ئەوانەی لە ڕاپەڕیندا بەشدار بوون یان ڕاپەڕینەکەیان دیوە – گشت لایێك، وەرزێر و ئاغا، جووتبەندە و رەشایی، ژن و پیاو، شارستانی و لادێیی – سەرچاوەی سەرەکی ئەو لێکۆڵینەوەیە. من نزیکەی ٣٠ وتوویژی بە دەنگ تۆمارکراوم هەیە کە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ دەست پێدەکا و تا چەند مانگ لەوەی پێشی تێدایە. ئەوانەی وتووویژیان لە گەڵ کراوە زۆربەیان پیاو و وەرزێرن بەڵام فەقێ، مەلا، ئاغا، پیاو، و ژن و چەند چالاکی سیاسیشیان تێدایە. تەمەنی بەشدارانی وتووویژەکانی سێ ساڵی رابردوو لە هەشتا ساڵ پتر بووە. زۆربەیان بیریان تیژ بووە و چەند کەس بە نووسین وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

وتووویژەکان پڕن لە زانیاری ورد سەبارەت بە زۆر لایەنی ڕاپەڕینەکە لە دەستپێکردنی ڕا هەتا کۆتایی، بەڵام تاریخی بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکان – بە ڕۆژ و بە مانگ – لە بیریان نەماوە و رەنگە لە کاتی ڕووداوەکانیش ئەو تاریخانە – لە نەبوونی خوێندەواریی و نووسیندا – زۆر سەرنجیان ڕانەکێشابێ. زۆربەی ئەو زانیارییەی لە وتووویژەکان دا وەدەست دەکەوێ لە جێی دی دا تۆمار نەکراوە. بۆ وێنە چۆنێتی و چەندێتی چەکداریی لە نێو وەرزێران و ئاغاوەت دا، دۆخی لەشکری ئاغاوەت کە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین ڕێكکەوتبوو، یان باسی وەرزێری تورکی گوندەکانی میاندواوێ کە پەنایان دا بوو بەو وەرزێرانەی تاڵان کرابوون و وەدەریان نابوون.

وتوویژ بێدەنگیی کرێکار و وەرزێر و چەوساوە و زوڵم لێکراوەکان وەلادەنێ، و بە وەدەنگ هێنانی ئەو هێزە بێدەنگ کراوانە مێژووی دەسەڵاتداران دەشڵەژێنێ. بەڵام "مێژووی زارەکی" توانایی زۆرتری لە وتوویژ هەیە لە بەر ئەوەی ڕێگە دەدا کە چەند بەشدار یان شاهیدی ڕاپەڕین پێکەوە قسەی لێبکەن و بە ئەزموون و بیرەوەری جیاواز زۆرتر لێی وردبنەوە و فەرامۆشی و هەڵەکانی خۆیان ڕاست بکەنەوە. هەروەها، لە مێژووی زارەکی دا، بێژەر هەست و سۆزی خۆی لە قسەکردن دا دەردەبڕێ، بەڵام نووسین دەیشارێتەوە. لە هەمان کات دا، لە مێژووی زارەکی دا هەر جارێک تەنیا بابەتێک دێتە گۆڕێ و باسی لێدەکرێ و شی دەکرێتەوە، و گێڕانەوە تەنیا بە پرسیارکردن و وەڵام دانەوەی پرسیارەکە پێک نایە.[lxv] هێشتا دەرفەتی وەی هەیە کە بەو مێتۆدە لێکۆڵینەوەی ڕاپەڕینەکە بکەین. لە زۆربەی وتوویژەکاندا، زیاتر لە یەك کەس حازر بوون و جاری وایە قسان دەکەن، بەڵام زۆرتر بە لای پرسیار و وەڵام دا دەشکێتەوە تا "مێژووی زارەکی".


٢. **بەڵگەی کوونسوولی ئەمریکا لە تەورێز**: دەوڵەتی ئەمریکا نیگەران بوو کە ئەو ڕاپەڕینە ببێتە "قیامی وەرزێری" و بە ڕابەرایەتی "کۆمۆنیستان" (حیزبی توده) ئێران بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیسم، بەو چەشنەی کە سێ ساڵ لە پێش ڕاپەڕیندا لە چین وەرزێران دەورێکی گرینگیان گێڕا لەو شۆڕشەی کە لە ساڵانی ١٩٢٠ەوە دەستی پێکردبوو، و لە

۱۹٤۹دا وڵاتی لە چنگ حکوومەتی گۆمیندان و ئەمریکا و ئینگلستان دەرهێنا، یان ئەو شۆڕشەی کە باکووری ویەتنامی لە دەست ژاپۆن و فەرانسە دەرهێنابوو و هێشتا لە باشوور درێژەی هەبوو؛ هەروەها ئەو شەڕەی کە لە کورە لە ئارادا بوو، و لە گشتیان وەرزێران هێزی هەرە زۆری خەبات بوون. ئەمریکا پێی وابوو ئەو راپەڕینە دەتوانێ وەك پریشکێك بێ کە ئاسیای رۆژئاوا وەك ئاسیای رۆژهەڵات بە بڵێسەی ئاوری کۆمۆنیسم لە نیزامی ئیمپریالیستی و پێوەندیی سەرمایەداری و فئۆدالی دابڕێ. جا بۆیە کوونسوولی ئەمریکا لە تەورێز چاوی لەو راپەڕینە بڕیبوو و لێی دەکۆڵییەوە و گوزارشتی بۆ سفارەتەکەیان لە تاران و وەزارەتی دەرەوەیان لە واشنگتن دەنارد. هەروەها، روونووسی ئەو گوزارشتانەی بۆ سفارەتی ئەمریکا لە ئانکارا، بەغدا، لەندەن و مۆسکۆ دەنارد، و ئەوە پێشانی دەدا کە لە روانگەی ئەمریکاوە راپەڕینەکە کێشەیێکی نێونەتەوەیی بوو. سەرچاوەی زانیاری کوونسوولگەری زۆرتر ئاغاوەت بە تایبەتی بنەماڵەی ئیلخانیزادە و عەلی یار بوو بەڵام لە ئاغاوەتی دی و لە حکوومەت (ئەرتەش، ئوستاندار، فەرماندار...) پرسیاریان دەکرد و بۆ خۆشیان سەری ناوچەیان دەدا.

ئەو بەڵگانە هەم سیاسەت و بۆچوونی ئەمریکا روون دەکەنەوە و هەم زانیاری سەبارەت بە راپەڕینەکە و وەزعی دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتانی ناوچە و ژیانی ئابووری و سیاسی خەڵکی موکریان و ئازەربایجان و زۆر شتی دی وەبەردەست دەخەن. بۆ وێنە نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن لە گەندەڵیی فەرماندەی ئەرتەش (سەرهەنگ موزەفەری) و بێ-دەسەڵاتی ئەرتەش لە دەرەوەی شارەکان. هەروەها باسی رێککەوتنی ئاغاوەت لە دژی وەرزێران و چەکداربوونیان دەکەن. گوزارشتی دوورودرێژ باسی پەیدابوونی بازاڕی چەکفرۆشی لە میاندواو و مەراغە و جێگەی دی دەکا، و تەواوی چەکەکان (تفەنگ و دەمانچە) و فیشەکەکانیان و نرخی کڕینی هەرکام لەوانە دیاری دەکا و رادەی چەکداربوونی ئاغاوەت و وەرزێران هەڵدەسەنگێنێ. ئەو بەڵگانە باسی چالاکی "حزب ایران" (کە بەشێك لە "جبهه ملی" و حکوومەتی موسەدیقی بوو) بە تایبەت کەریمی سنجابی و حیزبی توودە و فیرقەی دیمۆکرات و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەن.

۳. **ئارشیوی دەوڵەتی ئێران**: سەرچاوەیێکی گرینگی نامە و گوزارشتی ئورگانەکانی دەوڵەتی ئێرانن کە یارمەتی دەدەن بە روون کردنەوەی سیاسەت و کردەوەی حکوومەت و زۆر لایەنی رووداوەکان. من بۆ وەدەست خستنی ئەو بەڵگانە حەولم نەداوە. چەند نامەیێکی کە لە *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا* بڵاوبوونەوە بایەخی ئەو سەرچاوە پێشان دەدەن (نامەی ئیدارەی دەوڵەتیی کە لە ئارشیوی دەوڵەتی وەرنەگیراون). بایەخێکی زۆری ئەو بەڵگانە لە بەر ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران لە کاتی راپەڕینەکەدا تووشی دووبەرەکیی ببوو و هەر ئەو ناکۆکییانە دەبێ ناوەڕۆکی بەڵگەکانی داڕشتبێ و زانیاری باش وەبەردەست بخەن.

٤. **ئارشیوی سۆڤێت، فەرانسە، ئینگلیس و تورکیە**: کوونسوولی ئەمریکا لە تەورێز بۆ تێگەیشتنی باری سیاسی ئازەربایجان بە تایبەت راپەڕینی وەرزێران لە گەڵ کوونسوولی فەرانسە و تورکییە لە تەورێز راوێژی دەکرد بەڵام کوونسوولی بریتانیا لە لایەن حکومەتی موسەدیق داخرا بوو. بەڵام دیارە کە ئینگلستان بایەخێکی زۆری دەدا بە بەرنامەی ئەرزیی موسەدیق. کاتێکی لایحەی سەدی بیست بڵاوبۆوە، سەفیری بریتانیا لە تاران دەست بە جێ لە 4ی سپیتامبری ۱۹٥۲ وەرگێڕدراوەکەی بە ئینگلیسی بۆ ئەنتنی ئیدن، وەزیری دەرەوە، نارد و نوسخەی بۆ سەفیری ئینگلستان لە واشنگتن، سەرۆکی ئیدارەی بریتانیایی رۆژهەڵاتی نێوەراست لە فاید (میسر)، و ئیدارەیێکی بریتانیایی دی لە بەیرووت نارد.[lxvi] ئەوە پێشانی دەدا کە کێشەی وەرزێریی بۆ بریتانیاش، وەک ئەمریکا، تەنیا کێشەیێکی ناوخۆیی نەبوو، و گۆڕەپانی خەباتی جینایەتی بوو. وێدەچێ کوونسوولگەریی تورکییە و فەرانسەش لێکۆڵینەوە و گوزارشتیان



AIR POUCH
PRIORITY

SECRET
Security Information
(Security Classification)

DO NOT TYPE IN THIS SPACE
788.00/3-2753

FOREIGN SERVICE DESPATCH
U.S. OFFICIALS ONLY (Where Indicated)

FROM : AMCONSULATE, TABRIZ 44 DESP. NO.

TO : THE DEPARTMENT OF STATE, WASHINGTON. March 27, 1953 DATE

REF : Tabriz Despatch 42, March 13, 1953.

| 58 For Dept. Use Only kp | ACTION NEA | DEPT. IN: EUR OLI I P EUR/X MC |
|---|---|---|
| | REC'D APR 8 | FO OTHER: ANKARA BAGHDAD LONDON MOSCOW |

SUBJECT: KURDISTAN: Political Developments During March, 1953.

TABLE OF CONTENTS

Page

Summary
Agrarian Unrest: The Bukan Incident
The Illegal Arms Market
Developments Within the Army
Agitation Among the Tribes

SUMMARY

An armed clash in Bukan village between the chiefs and their tenants stressed the gradual build-up of agrarian tensions during the winter. Available evidence indicated that Majlis Deputy SANJABI may have been supporting the Bukan agitators. With unrest came a sharp rise in arms prices and brand new weapons began to appear on the market. General BAHARMAST was transferred from command of the Fourth Army Division.

AGRARIAN UNREST: THE BUKAN INCIDENT

At noon on March 13, 1953, tenant-landlord differences in the Kurdish area of Bukan (RJBG 1231)(1) led to a three hour gun battle within Bukan village during which two persons were killed and at least six wounded. Order was finally reestablished and the Government set up a special commission to study the causes of the trouble. Eight persons were arrested and sent to Mahabad for further interrogation.(2)

There is no doubt but that for some months events had been leading up to this climax. Agitation for radical land reform measures had stirred up minor but widespread troubles among the Fayzullah Begi tribes to the south and by the end of February had alarmed the leaders of such neighboring tribes as the Debukri and Gaurek. Much of the trouble among the tenants had been sparked by a nominally pro-Government party in Bukan under the leadership of one HADJI QASEM and Abdullah IRANI.(3)

(1) World Aeronautical Chart, 1:1,000,000, 4th Ed (Revised), Sheet 340, Lake Van.
(2) Etala'at, March 15, 1953. (Tabriz Despatch 43, March 26, 1953.)
(3) Tabriz Despatch 42, March 13, 1953, p. 2.

JDIams/wth
REPORTER

SECRET
Security Information

ACTION COPY — DEPARTMENT OF STATE

The action office must return this permanent record copy to DC/R files with an endorsement of action taken.

This Document Must Be Returned To
788.00/3-2753

SECRET FILE

شکڵ ٧. لاپەڕەیەك لە بەڵگەیێکی کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز، ئازەربایجان، سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێران و هێرشی ئاغاوەت بۆ سەر بۆکانێ (National Archives and Records Administration, College Park, Maryland)


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

هەبێ، و پێویستە ئەوانەش کەڵکیان لێوەربگیرێ. یەکێتی سۆڤێت نوێنەری تیجارەتی هەبوو و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باکۆ ڕۆژنامەی حەفتەیی و بەرنامەیێکی ڕادیۆیی بە تورکی و بە کوردییان بەڕێوە دەبرد. ئارشیوەکانی سۆڤێتیش کە ئێستا بەشێکی زۆری لە کۆماری ئازەربایجانە سەرچاوەیێکی گرینگن.

٥. **ڕۆژنامە و گۆڤار**: لە ساڵی ١٣٣٠ تا کوودێتای موردادی ١٣٣٢، ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆر لە ئێران بڵاودەبۆوە و بزووتنەوە کۆمەڵییەکان و خەباتی چینایەتییان تا ڕادەیەیێك تۆمار کردووە. باسی ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریانیش لەو ڕۆژنامانەدا دەکرا. ڕۆژنامەی سەربە محەمەد ڕەزا شا وەك دوو ڕۆژنامەی سەرەکی *اطلاعات* و *کیهان* وێڕای زۆر ڕۆژنامەی دی لە تاران و لە شارەکان لە دژی لایحەی ٢٠% و خەباتی وەرزێران دەیان نووسی، و ڕۆژنامەکانی "جبهه آزادی" کە هی حیزبی توودە و "جبهه ملی" بوون لایەنگریی خەباتی وەرزێرانیان دەکرد. لە گەڵ ئەوشدا هەم لە ئێران و هەم لە سەرانسەری دنیا دا کێشەی "ملی کردن صنعت نفت" ببوو بە کێشەی سیاسی سەرەکی و زۆربەی باسی چاپەمەنی و ڕادیۆ تەرخانی ئەو کێشەیە دەکرا، دیسان باسی لایحەکە و "ریفۆرمی ارضی" جێگەی خۆی هەبوو. ئەمریکا بە میللی کردنی نەفتی ئێرانێ ڕازی نەبوو و بەربەرەکانی دەکرد بەڵام ترسی زۆرتر ئەوە بوو کە پێوەندی نێوان بزووتنەوەی وەرزێران و کۆمۆنیسم ئاوری شۆڕش هەڵایسێنێ. ئەو باسانە لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکا و بریتانیا دەکرا و ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکانی وڵاتی دی بە وەرگێراویی یان بە لێوەرگریی دووپاتەیان دەکردەوە. بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە، لە نێوان ڕۆژنامەی دەرەوەی ئێران، *نیۆیۆرك تایمز* م هەڵبژارد کە لێکدانەوەکانی، وەك زۆربەی ڕۆژنامەی ئەمریکایی دیکە، لە ڕێبازی دەوڵەتی ئەمریکا لانادا.

ڕۆژنامەکانی یەکێتی سۆڤێتیش باسی خەباتی وەرزێرانیان دەکرد و سەرچاوەکەیان زۆرتر چاپەمنی حیزبی توودە و ڕۆژنامەکانی ئێران بوو. گۆڤاری *سەردەمی نوێ* کە بە چەند زمانان لە مۆسکۆ بڵاودەبووە لە نووسراوەیێك بە سەردێری "نائارامی وەرزێری لە ئێران: پێداچوونەوەی چاپەمەنی ئێران" باسی خەباتی جووتیارانی لە ئێران و کوردستان کرد بەڵام بەلای ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریاندا نەڕۆیشت.[lxvii] لێکدانەوەی چاپەمەنی سۆڤێت وەك بۆچوونەکانی حیزبی توودە بوو، و ئی حیزبی توودەش لە ڕێبازی سۆڤێت لای نەدەدا.

ئێستە، ٦٥ ساڵ دوای ڕاپەڕین، باری ژیانی گوند و شار گۆڕاوە و پێوەندییە کۆمەڵییەکانی دەرەبەگیی ساڵانی ١٣٣٠ (١٩٥٠) لە ئارادا نەماون. وێڕای گۆڕانی پێوەندییە کۆنەکان، نیزامێکی چینایەتی دی – دەسمایە داری – وەڕێ کەوتووە و هێزی نوێی دی وەك کرێکار و ژن لە گۆڕەپانی مێژووی کوردستاندا سەریان هەڵێناوە. ڕاپەڕینی وەرزێران وەك ڕووداوێك کۆتایی هاتووە بەڵام لە بیری خەڵکی لادێی موکریان، و لە سیاسەت، مێژوونووسین، و دنیای فکریىدا ماڵی کردووە و لە داهاتووشدا، وەك لاپەڕەیێك لە خەباتی جیهانی لە دژی چەوسانەوە و زوڵم، نابڕێتەوە.

دیارە حەقیقەت لە مێشکی هیچ کەسدا هێلانەی نەکردووە، و لە ناکۆکی نێوان ڕاستی و ناڕاستی، وێك کەوتن و تێكهەڵچوونی بیروڕا، و جەدەل کردن دا دەردەکەوێ. لەو باسەی تا ئێستە کردوومە دیارە کە مێژوونووسینی ڕاپەڕینی وەرزیران دەستی پێکردووە، و وردەوردە ڕابردووی ئەو خەباتە لە بێدەنگی و تاریکایی مێژووی چینە دەسەڵاتدارەکان دێتە دەرێ. دەکرێ پەیدا بوونی نووسەمەنی دژی ڕاپەڕین وەک نیشانەی وەدەنگ هاتنی ئەو مێژوویە چاولێ بکەین. بەڵام نووسراوەی دژی ڕاپەڕین یارمەتی دەدا بە ڕوون کردنەوەی ئاڵۆزییەکانی ئەو خەباتە، بە تایبەتی، و پێچ و پەنای خەباتی چینایەتی، بە گشتی. خەباتی چینایەتی بریتیە لە خەباتی نێوان ئەو چینە کۆمەڵییانە کە بەرژەوەندییان پێکەوە


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

ناگونجێ یان دژی یەک ترە. ئەو خەباتە بە شکڵی سەرەکیی ئابووری، سیاسی و ئیدەئۆلۆژی سەرهەڵدێنێ، و لە زۆر بواری دی دا وەک هونەر و کولتووریش لە ئارادایە. بەو پێیە، خەبات بۆ رزگاری لە زوڵمی نەتەوەیی شکڵێک لە خەباتی چینایەتییە کە چین و توێژی جۆراوجۆر، هەر کام بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان، بەشداریی تێدا دەکەن. مەسعوود محەمەد و ناسر عەلی‌یار خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی لە بەرامبەر یەک تر دا قوت دەکەنەوە، و دەیکەن بە دووبەرێتی بۆ ئەوەی پێوەندییەکانیان بشارنەوە، و یەکییان وەخۆبگرن و ئەوی دی وەلابنێن. ئەوان خەباتی چینایەتی، ئەو چەشنەی کە خۆیان تێی دەگەن، بە کردەوە یان پیلانی بیگانە دادەنێن و خەباتی نەتەوەیی لە لەگەڵ دەرەبەگێتی تێکەڵ دەکەن بۆ ئەوەی خۆماڵی بکەن. بانگەشە کردنیان بۆ ئاشتی چینایەتی، بە هەر بەهانەیێک بێ، لە ژێر ئاڵای دین یان نەتەوە، شکڵێک لە خەباتی چینی دەرەبەگە بۆ پاراستنی جێگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵ و لە مێژوو دا.

ئامانجێکی من لە پرۆژەی لێکۆڵینەوەی راپەڕینی وەرزێران ئەوەیە کە بە وەدەستخستنی زانیاری پێویست و بە یارمەتی تیۆری و مێتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی رووناکاییکی زۆرتر بخەمە سەر ئەو خەباتە. هەر باسێکی رابردوو لە ئێستەدا دەکرێ و چاوی لە داهاتوویە. وەدیهێنانی ژیانێکی بێ چەوسانەوە و زوڵم بە بێ تێگەیشتنی نیزامی چینایەتی سەرناکەوێ. ئەوە ئاشکرایە کە چینی وەرزێر خەباتەکەی عادڵانەیە بەڵام ئەگەر لەو خەباتەش دا سەربکەوێ، نیزامی چینایەتی پێ سەرنخوون ناکرێ، و تەنیا دەتوانێ نەزمی دەرەبەگی تێک بدا و پێوەندی سەرمایەداری لە باتی دامەزرێنێ. پرۆژەی خوڵقاندنی دنیاییکی بێ چەوسانەوە و زوڵم پێویستی بە تیۆری و سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی چینێکی دی هەیە کە نە بە زەوی بەستراوەتەوە نە بە موڵک و موڵکایەتی و بێجگە لە هێزی کاری خۆی هیچی نییە – چینی کرێکار. خەبات بۆ داهێنانی دنیای نوێ کە لە کۆمۆنی پاریس لە ١٨٧١ دا دەستی پێکرد و لە شۆڕشی رووسیە لە ١٩١٧ و لە شۆڕشی چین لە ١٩٤٩ دا درێژەی پێ درا سەرباقی دەستکەوتی زۆر سەرنەکەوت. ئەرکی ئەورۆ تێگەیشتنی ئەو ئەزموونانە و پێشکەوتن لە بواری تیۆرییە. بەڵام تیۆری مارکسیستی کە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵی بێ چینە تووشی دامان و پاشەکشە بووە و تا خۆی هەڵ نەتەکێنێ و بە رادەیێکی بەرزتر لە ئاگاهی تیۆری نەگا لە باری باوی چینایەتی دا دەخولێتەوە. ئەو راتەکاندنە دەستی پێ کردووە.[lxviii]

---

[i] احمد خانی، *مم و زین*. تێکستا کریتك، ترجما و پیشنجر. م. ب. رودنکو (مسکو: اینسیتوی ملتید آسیا، آکادمیا علمی یا تفاقا شوری، نشرخانا ادبیتا روهلاتی، ١٩٦٢).

[ii] مەلا مەحموود بایەزیدی، *عادات و رسوماتنامه اکرادیه*. ترجما. م. ب. رودنکو (مسکو: اکادمیا علمی یا تفاقا شوری، نشر خانا ادبیتا روهلاتی، ١٩٦٣).

[iii] لە بیست ساڵی رابردوو دا، چەند باسی بزووتنەوەی وەرزێران لە کوردستانی باشوور بڵاو بۆتەوە. بۆ وێنە بڕوانە: رەشاد مەلا یەحیا، *ژان و ژیانی جووتیارانی دەشتی هەولێر: راپەڕینی ساڵی ١٩٥٣* (سلێمانی: چاپەمەنی گەنج، ٢٠٠٦)؛ سالار سیامەند عەبدوڵا، *دەروازەیەك بۆ راپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣ زاینی* (هەولێر، کەرکووك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٦).

[iv] هێمن، *تاریك و روون*، (بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣ (١٩٧٤))، ٣٨.

[v] هێمن، تاریك و روون، ٣٩.

[vi] ئەو زوڵمە بە لاتینی پێی دەڵێن jus primae noctis (بە فەرانسەیی droit du seigneur) لە چەند جێی کوردستان لە ئارا دا بووە و تۆمارکراوە. بۆ نموونەیێکی موکریان، بڕوانە رەحمان محەممەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا: مێژوو، سیاسەت، فەرهەنگ، ئەدەب* (تهران: کولەپشتی، ١٣٩٤ (٢٠١٥))، ب ٢؛ ٣٧–٣٨.


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

[vii] جامی، گذشته چراغ راه آینده است: تاریخ ایران در فاصله دو کودتا ۱۲۹۹-۱۳۳۲ (تهران: انتشارات ققنوس، ۱۳۷۷ (۱۹۹۸))، ۳۲۷-۳۳۸.

[viii] بۆ زانیاری سەبارەت بەو باسە بڕوانە: خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی. وەر. و ئامادەکار. حەسەنی قازی (هەولێر: ئاراس، ۲۰۰۹)، ۱٤۱-۱٤۲. هەر وەها بڕوانە: "(خەبەریکی گەورە) ئەری ڕاستە؟!،" کوردستان ۱ (۱۵ سەرماوەز (آذر) ۱۳۲٤ (۱۹٤۵)): ۱۷؛ "بۆ زانین،" کوردستان ۲ (۳۰ سەرماوەز (آذر) ۱۳۲٤ (۱۹٤۵)): ۲۰.

[ix] د. موسەدیق بۆ ئەوەی ریفۆرمەکانی زوو جێ بە جێ بکا و نوێنەرە کۆنەپەرستەکانی مەجلیس وەدوای نەخەن یان پێشی پێ نەگرن، لە ۹ ی مورداد‌ی ۱۳۳۱ دا داوای "اختیارات"ی بۆ ماوەی شەش مانگان کرد هەتا خۆی بتوانێ لایحەکان پەسند بکا و بەڕێوەیان بەرێ.

[x] مەجلیس ئەو دوو لایحانەی زووتر، لە ۲۲ مورداد ۱۳۳۱ دا (۱۳ ئووتی ۱۹۵۲)، پێکەوە پەسەند کردبوون و بەو چەشنە خەبەرەکەی زووتر لە ۱٤ میهر (٦ ئۆکتۆبری ۱۹۵۲) و ۳۰ ئازەر (۲۱ دیسامبری ۱۹۵۲) گەیشتبووە گوندەکان. مەتنی دووەمی لایحەکان زۆرتر بە لای وەرزێران دا دەشکاوە.

[xi] عومەر عەسری، "ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان،" گزینگ ۳۷ (زستانی ۲۰۰۳): ۳۵.

[xii] هەواڵنێری نیویۆرک تایمز لە تارانێ لە ۸ سێپتامبری ۱۹۵۲ (۱۸ شەهریوەری ۱۳۳۱) نووسی: "گوزاریشی پشت پێ بەستراو هەیە سەبارەت بە جیاوازیی بیروڕا لە سفارەتخانەی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەی دەرەبەگیی (landlordism). وا زاندراوە کە بەعزە ئەندامێکی کاربەدەستانی سفارەت هەست دەکەن کە دەرەبەگان چوارچێوەی مەوجوودی کۆمەڵ دەنوێنن و زەمانەتی سەرەکین لە دژی پەرەگرتنی کۆمۆنیسم، کە چی ئەوانی دی بڕوایان بە وەیە کە پێکهێنانی [چینی] وەرزێری سەربەخۆ [ئەرکێکی] بنچینەییە... ئیستیدلالێکی دیپلۆماتیی پەسندکراو ئەوەیە کە کۆمۆنیستان دەتوانن شوورای دێ بکەن بە ئامرازی پێشەوە چوونیان لە نێو وەرزێران دا. ئەو بۆچوونە دیپلۆماتییە بە تایبەت لە نێو گەنجە پێشکەوتنخوازەکانی تارانێ سەرنجی لێ دراوە، و تا ڕادەیێک برەویی ئەو باوەڕە دەگەیێنێ کە ئەمریکاییەکان 'کۆنەپەرست و ئیمپریالیستیین'".

"Iran bears down on landlord levy," *New York Times*, September 9, 1952, 7.

[xiii] "بیاننامهء دومین کنگرهء حزب دمکرات کردستان"، سوسیالیسم (ارگان جامعهء سوسیالیستهای ایرانی در اروپا)، دوره دوم، ش ۵ (آبان ۱۳٤٤ (نوامبر ۱۹٦۹))، ٤٦-۵۳.

[xiv] "بیاننامهء دومین کنگرهء حزب دمکرات کردستان،" ۵۱.

[xv] هەمان سەرچاوە، ٤۷.

[xvi] هەمان سەرچاوە، ۵۱.

[xvii] حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەو ڕۆژنامەیە بە بڵاوکراوەی ڕەسمی خۆی دانانێ.

[xviii] کونگرەی سێهەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (ئێران) ڕەزبەری ۱۳۵۲-سێپتامبری ۱۹۷۳ (بێ جێگەی بڵاوکرنەوە، بێ تاریخ)، ۱۷.

[xix] "ڕاپەڕینی وەرزێران،" کوردستان ۲۳ (ڕێبەندانی ۱۳۵۱ (فێوریەی ۱۹۷۳)): ۱، ۳.

[xx] جەلیل گادانی، ۵۰ ساڵ خەبات: کورتە مێژوویەکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران (چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، بێ تاریخ)، ب ۱؛ ۸۱–۸۳؛ غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم (ستوکهۆڵم، ۱۹۹۷)، ۱۱۹–۱۲٤.

[xxi] کەریمی حسامی، لە بیرەوەریەکانم: بەرگی یەکەم: لە مندالیەوە تا ساڵی ۱۹۵۷ (ئووپسالا: وەشانێن ژێنا نوو، ۱۹۸٦)، ۲۰٦–۲۱۸؛ کەریم حسامی، پێداچوونەوە (سوید: چاپخانەی کتێبی هەرزان، ۱۹۹۷)، ب ۲؛ ۸۵-۹۱.

[xxii] Abudl Rahman Ghassemlou, *Kurdistan and the Kurds*, trans. Miriam Jelínková (Prague: Publishing House of the Czechoslovak Academy of Sciences, 1965 and London: Collet's [Publishers] Ltd., 1965), 177.

[xxiii] Ghassemlou, *Kurdistan and the Kurds*, 280–293.

[xxiv] عەبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد: لێکۆڵینەوەیێکی سیاسی و ئابووری، وەر. عبدالله حسن زاده (بنکەی پێشەوا، ۱۳۵۲ (۱۹۷۳))، ۲۸۰–۲۹۳.

[xxv] قاسملو، کوردستان و کورد، 311 (239 لە مەتنی ئینگلیسی دا).

[xxvi] بلووریان لە ئاڵەکۆك دەنووسێ: "لە کۆمیتەی بۆکانەوە ئاگاردارییان کردین خەریکە لە بۆکان و دەوروبەری ڕووداوێکی دڵتەزێن دەخولقێ. جووتیارەکان لە بەشێك لە گوندەکان دا دەیانەوێت دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕن. ئێمەی کۆمیتەی مەهاباد [ح.د.ک.] کۆ بووینەوە تا ڕێگا چارەیەك بۆ پێشگیری کردن لە توندوتیژبوونی ڕووداوەکە بدۆزینەوە. بڕیار درا بچینە بۆکان و بە شێوەیەك شکڵی سیاسی بە ڕاپەرینەکە بدەین و بە جووتیارەکان بسەلمێنین بۆ وەرگرتنی قەباڵەی مڵکەکانیان بچن لە تیلیگرافخانەی بۆکان مان بگرن و خەڵکی بۆکانیش بە داکۆکی کردن لە ئەوان دووکان و بازاڕ داخەن." (۱۲۰)


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

---

[xxvii] عبدالرحمن قاسملوو، *چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی*، فەسڵی سێهەم. ١٣٣٢–١٣٢٦. چاپی یەکەم (کومیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستامی ئیران، ١٣٧٠ (١٩٩١))، ٦٣–٦٦.

[xxviii] ئەنوەر سوڵتانی، "راپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی،" گزینگ ٣٦ (پاییزی ٢٠٠٢ (١٣٨١)): ٤٦–٤٩.

[xxix] قاسم ئاغای ئیلخانی زادە بە شای دەڵێ: "... ژمارەیەک لە شادۆستانی بنەماڵەی ئیلخانیزادە، بنەماڵەی عەلی یار، تایفەی قارەمانی، تایفەی عەبباسی، مەحموودی شێخ ئاغایی و تایفەی زولفەقاری، پەیمانی مردنمان بەست و دەست بە کار بووین. بە راپەڕینێک بۆکان و دەوروبەریمان لە ماوەیەکی کەمدا گرتەوە، خاینان و لادەرەنمان سەرکوت و پەرش و بڵاو کرد، ئاغاوەتی هەڵاتوومان گەڕاندەوە شوێنی خۆیان و پیلانی خەیانەتکارانمان هەڵوەشاندەوە. ئێتر بە کەڕەمی خودا، کوردستانی لە دەست چوو سەر لە نوێ رزگار کرایەوە"، بڕوانە ئەنوەر سوڵتانی، نووسین و وەر.،"'بەڵگەنامەیەک' سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی بۆکان،" گزینگ ٣٨ (بەهاری ٢٠٠٣): ٣٧.

[xxx] عومەر عەسری، "راپەڕینی وەرزێران،" ٣٥.

[xxxi] حزب توده ایران، *چهل و پنج سال پیکار خستگی ناپذیر در راه سازماندهی و رهائی دهقانان ایران*. چاپ اول (مهرماه ١٣٦٦ (١٩٨٧))، ٥٤، ٥٧، ٦٤، ٦٩–٦٨؛ صادق انصاری (د. برزگر)، *از زندگی من: پا به پای حزب توده ایران*. چاپ اول (لس آنجلس: نشر کتاب، ١٣٧٥ (١٩٩٦))، ٢١١-٢١٤.

[xxxii] Р.А. Сеидов, *Аграрный вопрос и крестьянское движение в Иране (1950–1953гг.)*. Баку, 1963г.

[xxxiii] ئەو کتێبە لە پێشدا بە تورکی ئازەربایجانی لە 1955 دا لە باکۆ بڵاوبۆتەوە، و وا دیارە نووسەر خۆی کردوویە بە فارسی: علی گلاویژ، *مناسبات ارضی در کردستان (فروپاشی نظام عشیرەای)*. چاپ اول (تهران: انتشارارت روزبە، دی ماە ١٣٦١ (١٩٨٢)).

[xxxiv] A. Gukovsky and O. Trachtenberg, *History of Feudalism* (Moscow: State Textbook Publishing House, 1931), 76.

[xxxv] Susan Meiselas, *Kurdistan in the Shadow of History* (New York: Random House, 1997), 212–213.
کاتێکی سووزان مایسێلاس خەریکی دانان و داهێنانی ئەو کتێبە بوو، من یەکێك لەوانە بووم کە داوای لێ کردم بۆ باسی مێژووی کوردستان و دیتنەوەی وێنە یارمەتی بدەم. پێم راگەیاند کە مێژووی گەلی کورد هەر بەسەرهاتی ئاغاوەت و شێخ و حاکم و خان و ئەمیران نییە و مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکار و وەرزێر و زەحمتکێش و ژنانە. نموونەی راپەڕینی وەرزێرانم بۆ گێڕاوە و گوتی "باشە، بەڵام من مێژووی وێنەیی کوردستان دادەنێم، وێنەکانی [ئەو راپەڕینە] لە کوێن؟" دیارە خۆی دەیزانی کە لە وڵاتێکی وەك کوردستان تیکنۆلۆژی وەك گرامافۆن و وێنەگریی و فیلم وەدەست وەرزێر و کرێکار و ژن نەدەکەوت. من کۆپی بەڵگەیێك لە گوزاریشەکانی کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز (سەبارەت بە راپەڕین) م دایە و ئەویش وێنەی جووتیارێکی کە خەریکی زەوی کێڵان بوو هەڵ بژارد. دوو سەرچاوەی دیش (هێمن و ویلچێفسکی) م دایە کە لەگەڵ وێنەکان بڵاوی کردەوە. هەروەها پێشنیارم پێ کرد محمد موکری لە پاریس ببینێ و وتووێژی لەگەڵ بکا و، ئەگەر ئیجازە بدا، لە ئارشیوی وێنە و بەڵگەی وی کەڵك وەربگرێ. من داوام لە سووزان کرد کە لێی بپرسێ بۆچی حکوومەتی موسەدیق لایحەی ٢٠% ی پەسەند کرد. موکری وەڵامی دابۆوە بەڵام بەو شەرتەی کە بە دەنگ تۆماری نەکا. من لە ١٩٩٧ لە نامەیێك دا ئەو پرسیارەم لە موکری کرد بەڵام وەڵامی نامەکەمی نەداوە.

[xxxvi] محمد مکری، "انواع عوارض و مالیاتهای غیر دولتی و مراسم تحمیلی عدەای از مالکین در دهات کردستان،" *بغستان* اول، ش ١ (آذرماە ١٣٣١ (دیسامبری ١٩٥٢)): ١٧–٣٥. نووسەر لە ١٩٩٨ دا، ئەو نووسراوەی بە زمانی فەرانسەیی بڵاوکردەوە:
Mohammad Mokri, “Taxes et impôts non gouvernementaux: Charges illégales imposées par des propriétaires au Kurdistan,” *Journal Asiatique* 286, no. 1 (1998): 85–125.

[xxxvii] رەحمان محەممەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* (تهران: کولە پشتی، ١٣٨٩ (٢٠١٠))، ب ١; ٨٩–١٦٢.

[xxxviii] ناسر عەلیار، *رەخنە لە سەر کتێبی بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* (بۆکان، 1١٣٩١ (٢٠٠٢)).

[xxxix] رەحمان محەممەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا: مێژوو، سیاسەت، فەرهەنگ، ئەدەب* (تهران: کولە پشتی، ١٣٩٤ (٢٠١٥))، ب ٢; ٥٠–٩٢.

[xl] وشەگەلی زانیاری، دادە و فاکت لە رووی مەعناوە، لێک نزیک بەڵام جیاوازن. لەو نووسراوە دا، ئەو وشانە بە مەعنای گوتنێک سەبارەت بە رووداوێک، شتێک، کەسێک، یان جێگەیێک دەکار دێنم کە بکرێ راستییەکەی بسەلمێنی، بۆ وێنە "ئاغاوەت لە ٢٢ی ئیسفەندی ١٣٣١ (١٣ مارسی ١٩٥٢) هێرشیان بردە سەر بۆکان" دەکرێ وەک "فاکت" یان "دادە" دابندرێ چونکە لە بیرەوەری خەڵکی بۆکان، نامەی ئیدارەیی، و هەواڵی رۆژنامە و بەڵگەی دی دا تۆمار کراوە و راستییەکەی ئینکار ناکرێ، بەڵام لە لێکدانەوەی ئەو فاکتە دا بۆچوونی جیاواز دێتە گۆڕێ. وشەی "دادە" (لە کرداری


ISSN 564-7075
www.derwaze.net

"دادن") لە فارسی دا باو بووە، و لە کوردی دا دەکرێ بە پێوانەی ئەو وشەیە لە ئینگلیسی و فارسی دا، "دراو" (لە کرداری "دان") دابنێین، بەڵام "دراو" مەعنای "پارە" یان "پووڵ"یشی هەیە و تا ئیستا بە مەعنای "دادە" دەکار نەهاتووە.

xli ئەنوەر سوڵتانی، "'بەڵگەنامەیەک'،" ٣٥. ئەحمەدی شەریفی ئەودەمی لە ئێران دەژیا و سۆڵتانی بۆ ئەوەی بپارێزێ نێوی نەهێناوە.

xlii عەبدوڵا لە *دەروازەیەك بۆ راپەڕین* لە باسی کۆکردنەوەی زانیاری بە وتووێژ دەڵێ گەلێ کەس "بیانوویەکیان دەدۆزییەوە بۆ خۆ قوتارکردن. دووکەس لەوانە کە لە جوتیارە چالاکەکانی راپەڕین بوو[ن] دوای مانگێك هێنان‌وبردن ئینجا وتیان بە بڕیاری (حیزبی شیوعی عێراق) نابێ زانیاریت پێبدەین، چونکە نیازیان وایە خۆیان لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەن. لە کاتێکدا دەبوایە ئەوان لە دوای شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨)ەوە زانیاریان کۆبکردایەوە کە هەم بوارێکی چاکیان بۆ رەخسا بوو، هەم راپەڕینەکەش تازە (٥) ساڵی بە سەردا تێپەڕیبوو." (٧–٨)

xliii مەسعوود محەمەد، *بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەك بێت* (بەغدا، ١٩٨٤)، ١١٢–١٢٨.

xliv محەمەد، بۆ ئەمیری حەسەنپوور، ١٢٣.

xlv بۆ باسێکی ئیدەئۆلۆژی بڕوانە:
Terry Eagleton, *Ideology: An Introduction* (London: Verso, 2007).

xlvi Hanna Batatu, *The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq* (Princeton, NJ: Princeton University Press, 1978), 58.

xlvii Batatu, *Social Classes,* 614.

xlviii ناسر عەلی‌یار، *رەخنە لە سەر*، ٢٨–٢٧.

xlix هەمان سەرچاوە، ٥٤.

l هەمان سەرچاوە، ٥٣.

li هەمان سەرچاوە، ٥٤.

lii هەمان سەرچاوە، ٢٣.

liii هەمان سەرچاوە، ٢٣، ٣٧.

liv هەمان سەرچاوە، ٤٤.

lv هەمان سەرچاوە, ١٣.

lvi هەمان سەرچاوە، ٣٦-٣٨ و١٣.

lvii *عەبدوڵلا گۆران، دیوانی گۆران.* کۆکردنەوە. محەمەدی مەلا کەریم (بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠)، ب ١؛ ٤١.

lviii Karl Marx, *Capital,* vol. 3 (Moscow: Progress Publishers, 1986), 817.

lix باسی ریفۆرمی ئەرزیی سەرمایەداری و کۆمۆنیستی تەنانەت لە ئامرازی راگەیاندنی گشتی ئەمریکاش دا دەکرا. بۆ وێنە، رۆژنامەی نیوو یۆرک *تایمز* ریفۆرمی سەرمایەداری وەک "عیلاجێک بۆ کۆمۆنیسم" باس کرد:
"One cure for communism," *New York Times*, August 14, 1952, 22.

lx James Scott, *Weapons of the Weak: Everyday Forms of Peasant Resistance* (New Haven: Yale University Press, 1985).

lxi دیوانی گۆران، ٥٩.

lxii ئۆسکار مان، *تحفەء مظفریە بە زمانی کوردی موکری.* پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر رێنووسی کوردی. هێمن موکریانی. بەشی دووەم (بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥)، ١١٩.

lxiii ئۆسکار مان، *تحفەء مظفریە*، ٢٦٧.

lxiv هەمان سەرچاوە، بەشی یەکەم، ١٣٩.

lxv Paul Thompson, *The Voice of the Past: Oral History* (Oxford: Oxford University Press, 2000); Robert Perks and Alistair Thomson, *The Oral History Reader* (London: Routledge, 1998).

lxvi Mr. Middleton (British Ambassador, Tehran) to Mr. Anthony Eden (Secretary of State for Foreign Affairs). "Decree concerning rural development and the peasants' share of crops," *British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers from the Foreign Office Confidential Print*. Part V, From 1951 through 1956, Series B: Near and Middle East, Vol. 3, Afghanistan, Persia, Turkey and Iraq (LexisNexis, 1952), 103–104.

lxvii K. Mokhammedov, "Peasant unrest in Iran: Iranian press review," *New Times* 3, January 14, 1953, 16–19.

[lxviii] بۆ لێکدانەوەی بەسەرهاتی تیۆری کۆمۆنیسم لە سەدەی نۆزدەوە تا ئێستە و ئەو خەباتەی کە ئێستە لە پێشە بڕوانە: ریموند لوتا، *تاریخ واقعی کمونیسم*. ترجمە. منیر امیری (حزب کمونیست ایران (م.ل.م.)، ١٣٩٤ (٢٠١٥)). http://cpimlm.com/bzhistjm/tarikh-waghei-komonism.pdf

## سەرچاوەکان


انصاری، صادق (د. برزگر). *از زندگی من: پا به پای حزب توده ایران*. لس آنجلس: نشر کتاب، چاپ اول، پاییز ١٣٧٥ (١٩٩٦).

بایەزیدی، مەلا مەحموود. *عادات و رسوماتنامە اکرادیە*. مسکو: اکادمیا علمی یا تفاقا شوری، نشر خانا ادبیتا روهلاتی.

بلووریان، غەنی. *ئاڵەکۆك: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم*. ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧.

بێ ناو. "(خەبەریکی گەورە) ئەری ڕاستە؟!" *کوردستان* 1 (15 سەرماوەز ١٣٢٤ (آذر)) (١٩٤٥): ١٧.

بێ ناو. "بو زانین." *کوردستان* ٢ (٣٠ سەرماوەز ١٣٢٤ (١٩٤٥)): ٢٠.

بێ ناو. "ڕاپەڕینی وەرزێران." *کوردستان* ٢٣ (ڕێبەندانی ١٣٥١ (فیۆریەی ١٩٧٣)): ١، ٣.

"بیاننامەء دومین کنگرەء حزب دمکرات کردستان"، *سوسیالیسم* (ارگان جامعەء سوسیالیستهای ایرانی در اروپا)، دوره دوم، شماره ٥، آبان ١٣٤٤ (نوامبر ١٩٦٩).

جامی. گذشته چراغ راه آینده است: *تاریخ ایران در فاصله دو کودتا١٢٩٩ –١٣٣٢* . تهران: انتشارات ققنوس، ١٣٧٧(١٩٩٨).

حزب توده ایران، *چهل و پنج سال پیکار خستگی ناپذیر در راه سازماندهی و رهائی دهقانان ایران*، چاپ اول، مهرماه ١٣٦٦ (١٩٨٧).

حسامی ،کەریم. *لە بیرەوەریەکانم: بەرگی یەکەم: لە منداڵیەوە تا ساڵی ١٩٥٧* . ئووپسالا: وەشانێن ژینا نوو، ١٩٨٦.

---. *پێداچوونەوە*. بەرگی دووەم. سوید: چاپخانەی کتێبی هەرزان، ١٩٩٧.

خانی، احمد. *مم و زین*. تێکستا کریتیك. م. ب. رودنکو (ترجما و پیشنجر). مسکو: اینسیتوی ملتید آسیا، آکادمیا علمی یا تفاقا شوری، نشرخانا ادبیتا روهلاتی، ١٩٦٢.

سوڵتانی، ئەنوەر. "ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی" *گزینگ* ٣٦ (پاییزی ٢٠٠٢(١٣٨١): ٤٦–٤٩.

---، نووسین و وەرگێر. " بەڵگەنامەیەک' سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان." *گزینگ* ٣٨ (بەهاری ٢٠٠٣): ٣٧.

گلاویژ، علی. *مناسبات ارضی در کردستان (فروپاشی نظام عشیرەای)*. چاپ اول. تهران: انتشارارت روزبە، ١٣٦١.

عەبدوڵا، سالار سیامەند. *دەروازەیەك بۆ ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣ زاینی*. هەولێر، کەرکووك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٦.

عەسری، عومەر. "ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان." *گزینگ* ٣٧ (زستانی ٢٠٠٣): ٣٤-٣٧.

عەلیيار، ناسر. *ڕەخنە لە سەر کتێبی بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* . بۆکان، ١٣٩١ (٢٠٠٢).

فەتاحی قازی، خەلیل. *کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی*. وەرگێر و ئامادەکار حەسەنی قازی. هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٩.

قاسملو، عەبدالرحمن. *کوردستان و کورد: لێکۆڵینەوەیێکی سیاسی و ئابووری*. وەرگێر عبدالله حسن زادە. بنکەی پێشەوا، ١٣٥٢ (١٩٧٣).

---. *چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی*. چاپی یەکەم. فەسڵی سێهەم ١٣٢٦–١٣٣٢، کومیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستامی ئیران، ١٣٧٠ (١٩٩١).

گادانی، جەلیل. *٥٠ ساڵ خەبات: کورتە مێژوویەکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران*. بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان. ژ ١٣٤. بێ تاریخ.

*گۆران، عەبدوڵڵا. دیوانی گۆران*. بەرگی یەکەم. کۆکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠.

لوتا، ریموند. *تاریخ واقعی کمونیسم*. ترجمە منیر امیری. حزب کمونیست ایران (م.ل.م.)، ١٣٩٤ (٢٠١٥). http://cpimlm.com/bzhistjm/tarikh-waghei-komonism.pd

مان، ئۆسکار. *تحفەء مظفریە بە زمانی کوردی موکری*. پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی، هێمن موکریانی. بەشی دووەم. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥.

محەممەدیان، ڕەحمان. *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* . بەرگی یەکەم. تهران: کولە پشتی، ١٣٨٩ (٢٠١٠).



ISSN 564-7075
www.derwaze.net

---. *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا: مێژوو، سیاسەت، فەرهەنگ، ئەدەب*. بەرگی دوو. تهران: کوله پشتی، ١٣٩٤ (٢٠١٥).
محەمەد، مەسعوود. *بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەك بێت*، بەغدا: دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە ١٠٢، ١٩٨٤.
مکری، محمد. "انواع عوارض و مالیاتهای غیر دولتی و مراسم تحمیلی عده‌ای از مالکین در دهات کردستان." *بغستان*. سال اول، شماره اول، آذرماه ١٣٣١، ص ١٧-٣٥.
مەلا یەحیا، رەشاد. *ژان و ژیانی جووتیارانی دەشتی هەولێر: راپەرینی ساڵی ١٩٥٣*. سلێمانی: چاپەمەنی گەنج، ٢٠٠٦.
هێمن. *تاریك و روون*. بنکەی پێشەوا (ژمارە ٥)، ١٣٥٣ (١٩٧٤).

Anonymous. "One cure for communism," *New York Times*, August 14, 1952.
Anonymous. "Iran bears down on landlord levy," *New York Times*, September 9, 1952.
Batatu, Hanna. *The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq*. Princeton, NJ: Princeton University Press, 1978.
Eagleton, Terry. *Ideology: An Introduction*. London: Verso, 2007.
Ghassemlou, Abudl Rahman. *Kurdistan and the Kurds*. Miriam Jelínková (trans. from Czech into English). Prague: Publishing House of the Czechoslovak Academy of Sciences and London: Collet's [Publishers] Ltd., 1965.
Gukovsky, A. and Trachtenberg, O. *History of Feudalism*. Moscow: State Textbook Publishing House, 1931.
Marx, Karl. *Capital.* Vol. 3. Moscow: Progress Publishers, 1986.
Meiselas, Susan. *Kurdistan in the Shadow of History*. New York: Random House, 1997.
Mokhammedov, K. "Peasant unrest in Iran: Iranian press review," *New Times*, No. 3, January 14, 1953.
Mokri, Mohammad. "Taxes et impôts non gouvernementaux: Charges illégales imposées par des propriétaires au Kurdistan." *Journal Asiatique*, Numéro 1 (1998): 85–125.
Mr. Middleton (British Ambassador, Tehran) to Mr. Eden. "Decree concerning rural development and the peasants' share of crops," in *British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers from the Foreign Office Confidential Print*. Part V, From 1951 through 1956, Series B: Near and Middle East, 1952, Volume 3, Afghanistan, Persia, Turkey and Iraq, 1952, LexisNexis.
Perks, Robert and Thomson, Alistair. *The Oral History Reader*. London: Routledge, 1998.
Scott, James. *Weapons of the Weak: Everyday Forms of Peasant Resistance*. New Haven: Yale University Press, 1985.
Thompson, Paul. *The Voice of the Past: Oral History*. Oxford: Oxford University Press, 2000.
Сеидов, Р.А. *Аграрный вопрос и крестьянское движение в Иране (1950-1953гг.)*. Баку, 1963г.